تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5758) دووشەممە 27ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

مەسرور بارزانی کابینەکەی زووتر لە ماوەی یاسایی دیاریکراو پێکدەهێنێت

کاندیدی سەرۆکی حکوومەت سەردانی ئەو لایەنانە دەکات کە بەشداریی کابینەی نۆیەم دەکەن

3



2

حزبە کوردستانییەکانی کەرکووک: پێویستە کۆتایی بە دەسەڵاتی پاڕێزگارەکەی حەشدی شەعبی لە کەرکووک بهێندرێت

سبەی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێت

پەرلەمانتاریکی پارتی: مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم دەکەوێتە دوای جەژن



سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی، سالّی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی سبەی سێشەممە ڕێکەوتی 2019/5/28 لە

ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: بەپێی حوکمی برگە سێیەمی ماددە 18 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی - عێراق، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی، سالّی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2019/5/28دا، تکایە لە کاتی دیاریکراودا ئامادەبن.

هەروەها لە ڕاگەیەندراوێکی دیکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا، کە وێنەیەکی بۆ خەبات نێردراوە، هاتووە، بەرنامەی کاری دانیشتنی ڕۆژی سێشەممە 28ی5ی2019ی پەرلەمانی کوردستان، خستنەڕوو و هەڵبژاردنی پالێوراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەبێت، بەپێی حوکمی خاڵەکانی 5 و 6ی برگەی یەکەمی ماددەی 4 لە یاسای ژمارە 1ی سالّی 2019 یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور.

لەمبارەیەوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەرشەد حوسێن ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی دادوەری وەڵامی تانەکانی پەیوەست بە کاندیدکراون بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی داوتەوە و ئاشکراشی دەکات کە سبەی سێشەممە، پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کۆدەبێتەوە.

زیاتر لە لاپەڕە دوو بخوێنەوە

یادی 43 ساڵەی بەڕیابوونی شۆڕشی گوڵان

8

شۆڕشی گوڵان دڕێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە



15

گاریس بێڵ: ئێمە وەکو ڕۆبۆتین چیان بوێت پێمان دەکەن



3


جەبار یاوەر: مەشقەکان بەردەوامن و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە کارەکانیان بەردەوامن

داعش مەخموور و کەرکووک و خانەقینی کردووەتەوە ئامانج

فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی کوردستان هۆشداریەک لەبارەی گورزی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەدات. فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، فەرماندە لە هێزی پێشمەرگە و سوپاسالاری پێشووی عێراق بۆ خەبات ڕایگەیاند، داعش لە یەک کاتدا مەخموور، چیای قەرەچوغ، کەرکووک و خانەقینی کردووەتەوە ئامانج. فەریقی یەکەم بابەکر زێباری بە پێویستی دەزانێت کە هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە دژی داعش ئەنجامبدەن پێش ئەوەی داعش گورزی خۆی بوەشێنێت و هۆشداریشی دا لەوەی ئەگەر دەستوبرد نەکرێت داعش گورزی خۆی دەوەشێنێت. دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیا عێراقییەکان ئەو ناوچانەیان داگیرکرد و بەهۆی ناکارایی و بێهێزیشیان، ناتوانن ئاسایشی ئەو ناوچە کوردستانییانە دابین بکەن و داعش دەستی بە جموجۆڵ و کردەی تیرۆریستی کردووەتەوە.



باکووری کوردستان... لە شاری ئامەد بارینی بارانی بەلێزمە و بەردانەوەی ئاوی بەنداوی دیجلە، بووەتە هۆی ڕژانی ڕووباری دیجلە بە شێوەیەکی سازگار



14

دەستکاریکردنی DNA هێڵی سوورە



3

عەلی لاریجانی بە سەرۆکی پەرلەمانی ئێران هەڵبژێردرایەوە

لە بەغدا دەبێ نوێنەری کوردبن

سەلام عەبدوڵلا

مەخابن کە ناچاردەبین بە مانشێتێکی وا مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست بۆ ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانمان لە بەغدا ئاگادار بکەینەوە کە ئەرکی ئەوان وەک نوێنەرانی کورد لە بەغدا بۆ ئەوەیە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بکەن کە بەدەستووریش دەستنیشان کراوە.

ئەندام پەرلەمان کە بە دەنگی حزبەکەی و خەڵکی هەرێم دەگاتە ئەو پۆستەی بۆ ئەوە نانێردرێت کە تەعبیر لەڕای خۆی و بۆچوونە شەخسییەکانی خۆی بکات، دەنگدەر بۆ ئەوەی نەنارەزێتە بەغدا کە بەپێچەوانەی خواستی گەلەکەیەوە هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکات، بەڵکو بۆ ئەوە نێردراوە کە نوێنەری خەڵکی و دەنگ و ڕەنگی خەڵکی هەرێم بێت لە بەغدا ئەمە بۆ وەزیر و کاربەدەستانی دیکەو پۆستەکانی تری بەغداش هەر وایە.

بەڵام بەداخەوە، لەم چەند خولەی پەرلەمانی بەغدا، زۆرجار هەستمان بەو هەڵوێستە چەوتە ناکوردانەیەی هەندێک لە پەرلەمانتاران لە بەغدا دەکرد کە زۆر خراپتر و توندتر هەڵوێستی لە هەرێم و کێشەکانی هەرێم وەردەگرت کە هەڵکشاوتر بوو لە هەڵوێستی شۆڤێنیە عەرەبەکانی دیکەی نێو پەرلەمانداو، بەڕادەیەک کە ڕاکانیان و قسە نابەجێکانیان سنووری ئەوانیشی دەبەزاند کە مایەی بێ هیوایی و سەرسوڕمانی دەنگدەران و سەرجەم خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو، بۆیە ئەمە وەک پرسیارێکی گەورە بەڕووی خەڵکدا قوت دەبووەوە، کە چۆن دەبێ ئەو حزبانە مۆڵەت بە ئەندامانیان بدەن کە بەو شێوەیە دژایەتی حکوومەتی هەرێم و داخوازییەکانی هەرێم بکەن کەچی هاوکات هەڵوێستێکی زۆر پێچەوانەشیان لێ بەدی دەکرا کە ئەوانە بە تەواوی بێ دەنگ و کڕوکپ بوون سەبارەت بە هەموو ئەو کارە ناڕەوا و نادەستووریانەی حکوومەتی عێراقی سەبارەت بە هەرێم دەیکردن هەر لە بڕینی بوودجە و مووچە و پێشێلکردنی ماددە دەستوورییەکان تا دەگاتە دەستدرێژی بۆ سەر خاکی کوردستان، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەست بە هەڵوێستێکی ئەرێنی ئەم زاتانە لە بەغدا سەبارەت بە هەرێم نەکرا، جا سەیر لەوەشدایە حزبەکانیشیان دەرهەق بەو هەڵوێستە نانیشتمانیانەیان بێ دەنگ بوون کە نەدەبوو لەم خولەدا ئەو هەڵە کوشندانە کە پەیوەستن بە ئاسایشی نیشتمانەکەمان و بڕێوی دانیشتوانی هەرێم جارێکی تر و بەهیچ شێوەیەک دووبارە ببنەوە، کەچی تازە بەتازە پەرلەمانتارێک سکاڵا لەسەر هەرێم تۆمار دەکات؟؟!

سبەی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێت

پەرلەمانتاریکی پارتی: مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم دەکەوێتە دوای جەژن



سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی، سالّی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی سبەی سێشەممە رێکەوتی /2019 5/28 لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە: بەپێی حوکمی بڕگە سێیەمی مادەی 18 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی - عێراق، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی، سالّی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2019/5/28دا، تکایە لە کاتی دیاریکراودا ئامادەبن. هەروەها لە راگەیەندراوێکی دیکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا، کە وێنەیەکی بۆ خەبات نێردراوە، هاتووە، بەرنامەی کاری دانیشتنی رۆژی سێشەممە 28ی5ی2019ی پەرلەمانی کوردستان، خستنەڕوو و هەڵبژاردنی پالّێوراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەبێت، بەپێی حوکمی خالّەکانی 5 و 6ی برگەی یەکەمی ماددەی 4لە یاسای ژمارە 1ی سالّی 2019 یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور.

لەمبارەیەوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەرشەد حوسێن رایگەیاند: ئەنجوومەنی دادوەری وەلاّمی تانەکانی پەیودست بە کاندیدکراون بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی داوەتەوە و ئاشکراشی دەکات کە سبەی سێشەممە، پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کۆدەبێتەوە. ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گوتیشی: دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری وەلاّمی تانەکان درایەوە، پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانا بۆ دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی سالّی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم، دانیشتنەکە تایبەت دەبێت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم. لەبارەی ئامادەبوونی کاندیدەکان، ئەرشەد حوسێن راشیگەیاند: کاندیدەکان ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان نابن و بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە کراوە، هەریەک لە فراکسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، لیستی سەردەم، لیستی ئازادی و پێکهاتەکان دەنگ بە بەربژێری پارتی دەدەن.

سەبارەت بە رێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان لە بەردەم پەرلەمان، گوتی: رێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دوای جەژن، ئەویش بەهۆی ئامادەکاری بۆ رێورەسمەکە و بانگهێشتکردنی میوانان کە بێگومان ئەوەش کاتی دەوێت.

ئەمەش دوای ئەوە هات کە دوێنێ یەکشەممە، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەندراوەی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان بۆ هەرێم و کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان. شایەنی باسە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی کوردستان کە هاوکات جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کاندیدی پارتییە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رادەسپێردرێت.

حزبە کوردستانییەکانی کەرکووک: پێویستە کۆتایی بە دەسەڵاتی پاڕێزگارەکەی حەشدی شەعبی لە کەرکووک بهێندرێت



حزبە کوردستانییەکانی پارێزگای کەرکووک راگەیەندراوێکی هاوبەشیان لەبارەی بارودۆخی ناهەمواری شارەکە، بلاّوکردەوە و سەرۆککۆمار بە بەرپرسی ئەو بارودۆخە دەزانن. لە راگەیەندراوەکەدا، کە دوێنێ یەکشەممە 2019/5/26 بلاّوکراوەتەوە و وێنەیەکیشی دراوەتە خەبات، حزبە کوردستانییەکانی کەرکووک رایانگەیاندووە، بارودۆخی کەرکووک بەرەو ئاقارێکی باش ناڕۆا و شەپۆلێک لە پرۆسەی تەعریب و هێرشکردنە سەر کوردان، دەستیپێکردووە. راگەیەندراوەکە دوای کۆبوونەوەی کەسی یەکەمی ئەو حزبانە لە کەرکووک، بلاّوکراوەتەوە و تێیدا چەند خاڵێکیان باسکردووە، کە ناوەرۆکەکەیان بریتییە لە داواکردن لە حکوومەتی عێراق بۆ هەڵگرتنی باری نائاسایی لە کەرکووک. ڕاگرتنی سیاسەتی بە عەرەبکردن. پێویستە سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی کۆبنەوە و پاریزگارێک هەڵبژێرن و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاڕێزگاری حەشدی شەعبی لە کەرکووک، بهێندرێت. سەرۆککۆمار بەرپرسە لەو بارودۆخە خراپەی کەرکووک. دەبێ حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستیان بەرانبەر ئەو بارودۆخە خراپەی کەرکووک هەبێت. حزبە سیاسییە کوردستانییەکان پشتگیریی جووتیارانی کورد دەکەن.

پەرلەمانتارانی هەدەپە کۆتاییان بە مانگرتن لە خواردن هێنا



چوار پەرلەمانتاری هەکاری هەدەپە، لەیلا گوڤەنیان لەنێودابوو کۆتاییان بە چالاکی "مانگرتن لە خواردن" هێنا. دوای ئەوەی پارێزەری نووسینگەی یاسایی سەردەم، نەورۆز ئویسالّ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەقی پەیامەکەی عەبدوللا ئۆجەلانی خوێندەوە کە لە 22ی ئایاردا لە ئیمرالّی چاویان پێکەوتبوو و تیایدا بانگەوازی "کۆتاییهێنان بە مانگرتن لە خواردن و ڕۆژووی مرد" کردبوو، هەریەک لە پەرلەمانتارانی هەدەپە تەپ تەمەل، مورات ساریساچ و دەرسیم داغ کە مانیان لە خواردن گرتبوو لە سەرۆکایەتی لقی دیاربەکری هەدەپە لەگەلّ ئەو خانمانەی مندالّەکانیان لە گرتووخانەکانن، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان سازکرد.

تەپ تەمەل، ئەو ڕاگەیەندراوەی لەیلا گوڤەنی خوێندەوە کە لەبارەی کۆتاییهێنان بەو مانگرتنە ناردبووی کە ماوەی نزیکەی 200 ڕۆژ بەردەوامبوو لەسەری. ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە پەرلەمانتاران ساریساچ و داغ و خۆیشی کۆتاییان بە مانگرتن لە خواردن هێناوە و باسی لەوە کرد کە چاوەڕوانن هەموو ئەوانەی مانیان لە خواردن گرتووە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن. لەم نێوەندەدا، لەیلا گوڤەن لە مالّەکەی خوێدەوە لە شارۆچکەی باغلاری دیاربەکر لە لایەن تیمی فریاگوزاری بەپەلەوە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت.

سوپاسالاری پێشووی عێراق: ئەگەر دەست و برد نەکرێت داعش گورزی خۆی دەوەشێنێت

فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی کوردستان هۆشداریەک لەبارەی گورزی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەدات. فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، فەرماندەیەکی پێشمەرگە و سوپاسالاری پێشووی عێراق بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، داعش لەیەک کاتدا مەخمور، چیای قەرەچووغ، کەرکووک و خانەقینی کردوەتەوە ئامانج. فەریقی یەکەم بابەکر زێباری بە پێویستیشی دەزانێ هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە دژی داعش ئەنجام بدەن پێش ئەوەی داعش گورزی خۆی بوەشێنێ و هۆشداریشی دا لەوەی، ئەگەر دەست و برد نەکرێت داعش گورزی خۆی دەوەشێنێت. جێی باسە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیا عێراقییەکان ئەو ناوچانەیان داگیرکرد و بەهۆی ناکارایی و بێهێزیشیان، ناتوانن ئاسایشی ئەو ناوچە کوردستانییانە دابین بکەن و داعش دەستی بە جموجۆڵ و کردەی تیرۆریستی کردووەتەوە.

وەزیری دەرەوەی عێراق: لە هەمبەر سزاکانی ئەمەریکا پشتیوانی لە ئێران دەکەین



وەزیری دەرەوەی عێراق، محەمەد حەکیم ڕایگەیاند کە ولاّتەکەی لە هەمبەر سزاکانی ئەمەریکا پشتیوانی لە ئێران دەکات. وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ بەغدا لەگەلّ هاوتا عێراقییەکەی، محەمەد حەکیم کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەش بە هاوبەشی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ساز کرد. سەرەتا وەزیری دەرەوەی عێراق، محەمەد حەکیم لەبارەی ئامانجی سەردانەکەی محەمەد زەریف بۆ بەغدا دوا و، گوتی: سەردانەکەی محەمەد جەواد زەریف بۆ بەغدا ئامانج لێی بەدواداچوونە بۆ ئەو ڕێککەوتنانەی کە پێشتر لە میانی سەردانەکەی حەسەن ڕوحانی بۆ عێراق لە نێوان هەردوو ولاّتدا واژوو کرابوون بە تایبەتیش ئەو ڕێککەوتنانەی کە پەیوەستن بە بونیادنانی ناوچەی پیشەسازی و بەستنەوەی عێراق و ئێران بەهێلّی ئاسنین. محەمەد حەکیم گوتیشی: لە هەمبەر سزاکانی ئەمەریکا، پشتیوانی لە ئێران دەکەین. لای خۆیەوە وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف گوتی: لە بارەی ئەو ڕەوشەی کە ئێستا ناوچەکە پیایدا تێپەڕ دەبێت، دانوستانی باشمان لەگەلّ محەمەد حەکیم ئەنجامدا. محەمەد جەواد زەریف گوتیشی: دەستکراوە بە کارەکانی ڕاکێشانی هێلّی ئاسنین لە نێوان عێراق و ئێراندا. جێی باسە ڕۆژی شەممە وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف بەسەردانێکی سێ ڕۆژە گەیشتە شاری بەغدا. ئەم سەردانەش لە کاتێک دایە کە تا دێت گرژییەکان لە نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەکدا زیاد دەکات.

مەسرور بارزانی کابینەکەی زووتر لە ماوەی یاسایی دیاریکراو پێکدەهێنێت

کاندیدی سەرۆکی حکوومەت سەردانی ئەو لایەنانە دەکات کە بەشداریی کابینەی نۆیەم دەکەن



دوای ئەوەی مەسرور بارزانی بە فەرمی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە رادەسپێردرێت، پێش وادەی یاسایی دیاریکراو، کابینەکەی ڕادەگەیەنێت. هۆشیار سیوەیلی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خەبات رایگەیاند: برایانی یەکێتی پابەندن بەو ڕێککەوتنەی کە کراوە و ڕۆژی 28ی مانگ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەڕێوەدەچێت و دواتریش سەرۆکی نوێی حکوومەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی ڕادەسپێردرێت، ئالیەتی دەستبەکاربوونیش بۆ سەرۆکی هەرێم بە حوکمی ئەوەی جێگری سەرۆکی پارتیشیمانە، لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە ئامادەکاری بۆ دەکرێت، بە تایبەت پرسی مەراسیمی دەستبەکاربوون و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بۆی ڕێکدەخرێت، لەوبارەوە لیژنەیەک بۆ سەرپەرشتیی مەراسیمی دەستبەکاربوون دانداوە، کەسایەتییەکی زۆر لەو ڕۆژەدا بانگهێشت دەکرێن. سیوەیلی ئەوەشی ئاشکراکرد کە پێش وادەی دیاریکراو، مەسرور بارزانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت، چونکە هیچ تەگەرەیەک لەبەردەم پێکهێنانی حکوومەت نییە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش خەریکی ئامادەکاریی حکوومەتە.

لەلایەن خۆشییەوە عارف ڕووشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند سەرۆکی هەرێم کاندیدی پارتی وەک لایەنی براوەی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕادەسپێرێت، کاندیدەکەش سەردانی هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە بڕیاری بەشداریکردنیان لە حکوومەت داوە، بۆ ئەوەی ناوی کاندیدەکانیان لێ وەربگرێت و کابینەکەی ڕابگەیەنێت. گوتیشی: پارتی خۆی کاندیدی بۆ هەموو پۆستەکان ئامادەیە و بۆ ئەو ڕۆژە ناوەکان ئاشکرا دەکەین و دەڵێین فلان کەس بۆ فلان شوێنە. ئەو ڕاوێژکارەی مەکتەبی سیاسیی پارتی گوتیشی: مەسرور بارزانی وەک پاڵێوراوی پارتی، خواستی ئەوەیە بە زووترین کات کابینەکەی دەستبەکاربێت.

بۆ گەیاندنی پەیامی سەرەخۆشی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی کاردینال مار نەسرواڵا، ڕۆژی شەممە عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنوێنەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی و بەیاوەری ئەندامانی مەکتەب و بەرپرسی ناوچەی عەنکاوە، بەشداری پرسەی کەسایەتیی نیشتمانیی لوبنانی پاتریاک و کاردینال "مار نەسرواڵا بەتروس سەفیر" لە نێو جالیەی لوبنانی لە هەولێر کرد کەچەند ڕۆژێک بەر لە ئەمڕۆ لە لوبنان کۆچی دوایی کردبوو. لە پرسەکەدا عەلی حوسێن بەناوی جەنابی سەرۆک بارزانی پەیامی سەرەخۆشی و دڵنەوایی لەرێگەی جالیەی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی بنەماڵەو کەسوکارو دۆست و هەڤاڵانی کرد، هاوکات نوێنەری سەرۆک بارزانی تەئکیدی کردەوە لەدەستدان و کۆچی دوایی کەسایەتی ئاینی ڕووشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند سەرۆکی هەرێم کاندیدی پارتی وەک لایەنی براوەی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕادەسپێرێت، کاندیدەکەش سەردانی هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە بڕیاری بەشداریکردنیان لە حکوومەت داوە، بۆ ئەوەی ناوی کاندیدەکانیان لێ وەربگرێت و کابینەکەی ڕابگەیەنێت. گوتیشی: پارتی خۆی کاندیدی بۆ هەموو پۆستەکان ئامادەیە و بۆ ئەو ڕۆژە ناوەکان ئاشکرا دەکەین و دەڵێین فلان کەس بۆ فلان شوێنە. ئەو ڕاوێژکارەی مەکتەبی سیاسیی پارتی گوتیشی: مەسرور بارزانی وەک پاڵێوراوی پارتی، خواستی ئەوەیە بە زووترین کات کابینەکەی دەستبەکاربێت.

جەبار یاوەر: مەشقەکان بەردەوامن و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە کارەکانیان بەردەوامن



خەبات: مەریوان نەقشبەندی

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژە بۆ زیادبوونی مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکات و دەڵێت: تەنها لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تیرۆریستانی داعش زیاتر لە 100 کردەوەی تیرۆریستیان ئەنجامداوە. جەبار یاوەر ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە ئاماژە بۆ زیادبوونی مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکات و دەڵێت: تەنها لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تیرۆریستانی داعش زیاتر لە 100 کردەوەی تیرۆریستیان ئەنجامداوە. جەبار یاوەر ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: تیرۆریستانی داعش هەلی ئەوەیان قۆستووەتەوە کە پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەماهەنگیان نەماوە لە سنووری پارێزگاکانی کەرکووک و سەلاحەدین و نەینەوا و دیالە، بۆیە جموجۆڵەکانیان لەو ناوچانەی ماددەی 140 زیادیان کردووە و بڕیاریش وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەی هاوبەشی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: تیرۆریستانی داعش هەلی ئەوەیان قۆستووەتەوە کە پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەماهەنگیان نەماوە لە سنووری پارێزگاکانی کەرکووک و سەلاحەدین و نەینەوا و دیالە، بۆیە جموجۆڵەکانیان لەو ناوچانەی ماددەی 140 زیادیان کردووە و بڕیاریش وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەی هاوبەشی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق بۆ ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییە سەربازییەکانی هەردوولا ئەنجام بدرێت.

جەبار یاوەر لە دریژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتیشی: دوای پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم گفتوگۆکانی نێوان هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم جدیتر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانەی کە پێی دەڵێن ناوچەی کێشەلەسەر و لە سنووری ماددەی 140ی دەستووری عێراقە. سەبارەت بە بڕیاری دەستپێکردنەوەی مەشقی هێزە هاوپەیمانەکان بە هێزەکانی پێشمەرگە دووپاتیکردەوە کە ئەوە بۆ چەند ڕۆژێکی کەم بوو بەهۆی تۆندبوونی هەڕەشەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بوو، بەڵام ئێستا هەموو شتێک ئاسایی بووەتەوە و مەشقەکان بەردەوامن و ڕاوێژکارە سەربازیبەکانی هاوپەیمانان لە کارەکانیان بەردەوامن.

عەلی حوسێن بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی بەشداری پرسەی کاردینال مار نەسرواڵا دەکات




عەلی لاریجانی بە سەرۆکی پەرلەمانی ئێران هەڵبژێردرایەوە



عەلی لاریجانی کە نزیکە لە نەریتخوازەکان بۆ ساڵی سێیەم لە خولی دەیەمی پەرلەمانی ئێران بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە. دوێنێ یەکشەممە 2019/5/26 ئاژانسی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە، نوێنەری شاری قوم لە پەرلەمانی ئێران، عەلی لاریجانی کە نزیکە لە نەریتخوازەکان بۆ ساڵی سێیەم لە خولی دەیەمی پەرلەمانی ئێران بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردراوەتەوە.

ڕکابەرانی هەڵبژاردنەکە پێکهاتبوون لە عەلی لاریجانی و پەرلەمانتاری ریفۆرمخواز لە بازنەی تاران، محەمەد ڕەزا عارف و پەرلەمانتاری بازنەی خومەینشەهر، محەمەد جەواد ئەبتەهی. لە دەنگدانەکەی دوێنێدا لاریجانی توانی لە کۆی 274 دەنگ، 155 دەنگ بەدەستبهێنێت. هەروەها پەرلەمانتاری بازنەی تەورێز، مەسعود پزیشکیان بە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتاری بازنەی کرماشان، عەبدولڕەزاق مسری بە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرانەوە.

هەریەک لە محەمەد عەلی وەکیلی، سەید ئەمیر حسێن غازیزادە هاشمی، عەلی ئەسغەر یوسف نەژاد، عەلی ڕەزا ڕەحیمی، ئەحمەد ئەمیر عەبادی فەرهانی و ئەکبەر ڕەنجبەرزادە بە سکرتێرانی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردران. جێی باسە هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران بەڕێوەدەچێت، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان ساڵێ جارێک ئەنجام دەدرێت.



قایمقامی شنگال:

پێویستە مووسڵ و شنگال لە جەنگ و چاوتێبڕینە نێودەوڵەتییەکان بپارێزرێت

ماوەیەکە جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان زیادی کردووە و لە ڕێگەی دانانەوەی بۆمب و هێرش کردنە سەر خاڵەکانی پشکنین و هەروەها سووتاندنی گەنمی جووتیاران پەرەیان بە چالاکییەکانی خۆیان داوە. هەر لەو بارەوە مەحما خەلیل قایمقامی شنگال لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە "ناوچەکانی شنگال و نەینەوا کۆمەڵێک ململانێی بێکۆتایی تێدایە و نابێت دۆخەکە بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە کە تەنها خەڵکەکەی باجەکەی دەدەن، داوایش دەکەم بەپەلە چارەسەر بۆ دۆخی ئەو ناوچانە بدۆزرێتەوە و لە جەنگ و چاوتێبڕینە نێودەوڵەتییەکان بپارێزرێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە "سەقامگیری عێراق پابەندە بە سەقامگیری ئەو ناوچانەوە، سەردەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی کشانەوە و کەمبوونەوەی چەکدارانی داعش و جموجۆڵەکانیان کۆنترۆڵ دەکات، لە بەرژەوەندی وڵاتە و دەستکەوتێکی گەورە دەبێت بۆ حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی، کە سەروەریی دەستوور پیشان دەدات و یاسا دەبێتە تاکە نازناوی وڵات. مەحما خەلیل لە کۆتاییدا داوا دەکات، لە پرۆسەی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئەو ناوچانەشدا پشت بەو بڕگە یاسایی و دەستووریانە ببەسترێت کە تا ئێستەیش کارایە، بەڵام چاوەڕوانی خستنە بواری جێبەجێکردن دەکەن، نموونەی ئەو بڕگانەش ماددەی 140ی دەستووری عێراقە.

ڕێککەوتنەکە بۆ دابینکردنی ئاسایش و نەهێشتنی بۆشایی ئەمنی و پاراستنی پێکهاتەکانی ڕۆژئاوای دیجلەیە

لیوا هاشم سیتەیی: پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ڕۆژئاوای دیجلە لەبارەی چەند خاڵێکی ئەمنی و مرۆیی ڕێککەوتن



جێگری بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای دیجلەی هێزەکانی پێشمەرگە، لیوا هاشم سیتەیی ڕایگەیاند، ڕێککەوتنی پێشمەرگە تەنها لەگەڵ سوپای عێراقە و گرووپە نادەستوورییەکانی سنوورەکە و سنووری قەزای شنگال لە بازنەی ڕێککەوتنەکە نین. لیوا هاشم سیتەیی لە لێدوانێکدا گوتی: ماوەیەک لەمەوبەر دانیشتوانی کورد و عەرەب و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی ڕۆژئاوای دیجلە لە ڕێگەی بارەگای سەربازی بارزانی لیستێک داواکارییان گەیاندە سەرۆک بارزانی، ئەویش لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و پاراستنی مافی هاووڵاتییانی سنوورەکە بەڵێنی داوە سەرجەم داواکارییەکان جێبەجێ بکرێت کە ئەمەیش بە ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەبێت.

جێگری بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای دیجلەی هێزەکانی پێشمەرگە لەبارەی وردەکاری ڕێککەوتنەکەی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقەوە گوتی: ڕێککەوتنی پێشمەرگە لە ڕۆژئاوای دیجلە لەگەڵ فیرقەی 15ی سوپای عێراقە، ئەم ڕێککەوتنە بۆ دابینکردنی ئاسایش و نەهێشتنی بۆشایی ئەمنی و پاراستنی خەڵکی ڕۆژئاوای دیجلەیە بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە، هەماهەنگی کراوە بە هاوبەشی ڕووبەڕووی جموجۆڵەکانی تیرۆریستانی داعش ببنەوە. دەشڵێت: هەر لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکە ڕێگاکانی نێوان قەزای زومار و ناحیەی ڕەبیعە لەگەڵ ڕێگاکانی سحێلا و دهۆک کراوەتەوە و هاووڵاتییانی سنوورەکە بەبێ بوونی هیچ کێشەیەک دەتوانن هاتوچۆ و کار و بارزگانی بکەن. گوتیشی: لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوانمان، دوو لێژنەمان پێکهێناوە لە مانگێکدا دوو کۆبوونەوە یان زیاتر بە مەبەستی نەهێشتنی بۆشایی ئەمنی و پاراستنی ئاسایشی خەڵک ئەنجام دەدەین، زانیاری کۆبوونەوەکانمان و دواین پێشهاتەکانی ناوچەکە بە سەرووی خۆمان دەگەیەنین.

لیوا هاشم دەشڵێت: ئەم ڕێککەوتنە لە سەرتاسەری سنووری قەزای زومار و ناحیەی ڕەبیعە جێبەجێ دەکرێت، دۆخی قەزای شنگال جیاوازە و ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە تا ئێستا بوونی نییە.

سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای ئەمەریکا:

بەردەوام دەبین لە بەدواداچوون بۆ هەڕەشەکان و پێداویستیی هێزەکانمان



بەڕێوەبەری ئەرکان لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئەمەریکا، ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی، ئاشکرایکرد ئەو پێکهاتە سەربازییەی کە لە دژی ئێران ڕەوانەی ناوچەکە دەکرێت، بریتیین لە فڕۆکەی بە فڕۆکەوان و بێفڕۆکەوان کە ئامانجیان چاودێریکردنە، بەتالیۆنێکی پاتریۆت کە لە چوار مووشەکەهەڵگری پاتریۆت پێکهاتوون و ماوەی کارکردنیان لە ناوچەکە کۆتاییهاتبوو.

ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هێرشەکانی سەر تانکەرەکانی سوتەمەنی لە کەنداو و پەلامارەکانی هێڵی نەوت لە سعوودیە، لەلایەن خودی سوپای پاسدارانەوە ئەنجامدراون و هێرشە مووشەکییەکەی هەفتەی ڕابردووش کە لە بەغدای پایتەختی عێراق ئەنجامدرا، گرووپەکانی پشتیوانییکراو لەلایەن ئێران ئەنجامیانداوە.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەمە قۆناغی یەکەمی ڕەوانەکردنی سەربازە و درێژەی دەبێت یان نا، ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی، کاتی ویلبارگەر ڕایگەیاند: ڕەوانەکردنی ئەم هێزە لەبەرامبەر هەڕەشەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت.

ئەو ژمارەیەی کە دیاریکراوە و توانا کانیان، پێمانوایە پێویستن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەڕەشەیەی کە هەیە. بە دڵنیاییەوە بەردەوام دەبین لە بەدواداچوون بۆ هەڕەشەکان و پێداویستیی هێزەکانمان و ماوەی کارکردنیان لە ناوچەکە کۆتاییهاتبوو.

ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هێرشەکانی سەر تانکەرەکانی سەرجەم ئەمانە نزیکەی هەزار و 500 سەربازن.

گیڵدەی تیشکیشی خستەسەر ئەوەش کە ئەمەریکا هەفتەی ڕابردوو مووشەکەهەڵگرێکی پاتریۆتی ڕەوانەی ناوچەکە کردووە و ماوەی کاری بەتالیۆنێکی پاتریۆتیشی درێژکردووەتەوە کە لە چوار مووشەکەهەڵگری پاتریۆت پێکهاتوون و ماوەی کارکردنیان لە ناوچەکە کۆتاییهاتبوو.

ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هێرشەکانی سەر تانکەرەکانی سوتەمەنی لە کەنداو و پەلامارەکانی هێڵی نەوت لە سعوودیە، لەلایەن خودی سوپای پاسدارانەوە ئەنجامدراون و هێرشە مووشەکییەکەی هەفتەی ڕابردووش کە لە بەغدای پایتەختی عێراق ئەنجامدرا، گرووپەکانی پشتیوانییکراو لەلایەن ئێران ئەنجامیانداوە.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەمە قۆناغی یەکەمی ڕەوانەکردنی سەربازە و درێژەی دەبێت یان نا، ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی، کاتی ویلبارگەر ڕایگەیاند: ڕەوانەکردنی ئەم هێزە لەبەرامبەر هەڕەشەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت.

ئەو ژمارەیەی کە دیاریکراوە و توانا کانیان، پێمانوایە پێویستن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەڕەشەیەی کە هەیە. بە دڵنیاییەوە بەردەوام دەبین لە بەدواداچوون بۆ هەڕەشەکان و پێداویستیی هێزەکانمان و ماوەی کارکردنیان لە ناوچەکە کۆتاییهاتبوو.

ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هێرشەکانی سەر تانکەرەکانی سوتەمەنی لە کەنداو و پەلامارەکانی هێڵی نەوت لە سعوودیە، لەلایەن خودی سوپای پاسدارانەوە ئەنجامدراون و هێرشە مووشەکییەکەی هەفتەی ڕابردووش کە لە بەغدای پایتەختی عێراق ئەنجامدرا، گرووپەکانی پشتیوانییکراو لەلایەن ئێران ئەنجامیانداوە.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەمە قۆناغی یەکەمی ڕەوانەکردنی سەربازە و درێژەی دەبێت یان نا، ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی، کاتی ویلبارگەر ڕایگەیاند: ڕەوانەکردنی ئەم هێزە لەبەرامبەر هەڕەشەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت.

ئەو ژمارەیەی کە دیاریکراوە و توانا کانیان، پێمانوایە پێویستن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەڕەشەیەی کە هەیە. بە دڵنیاییەوە بەردەوام دەبین لە بەدواداچوون بۆ هەڕەشەکان و پێداویستیی هێزەکانمان و ماوەی کارکردنیان لە ناوچەکە کۆتاییهاتبوو.

ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هێرشەکانی سەر تانکەرەکانی

بەڕێوەبەری ئەرکان لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئەمەریکا، ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی، ئاشکرایکرد ئەو پێکهاتە سەربازییەی کە لە دژی ئێران ڕەوانەی ناوچەکە دەکرێت، بریتیین لە فڕۆکەی بە فڕۆکەوان و بێفڕۆکەوان کە ئامانجیان چاودێریکردنە، بەتالیۆنێکی پاتریۆت کە لە چوار مووشەکەهەڵگری پاتریۆت پێکهاتوون و ماوەی کارکردنیان لە ناوچەکە کۆتاییهاتبوو.

ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هێرشەکانی سەر تانکەرەکانی سوتەمەنی لە کەنداو و پەلامارەکانی هێڵی نەوت لە سعوودیە، لەلایەن خودی سوپای پاسدارانەوە ئەنجامدراون و هێرشە مووشەکییەکەی هەفتەی ڕابردووش کە لە بەغدای پایتەختی عێراق ئەنجامدرا، گرووپەکانی پشتیوانییکراو لەلایەن ئێران ئەنجامیانداوە.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەمە قۆناغی یەکەمی ڕەوانەکردنی سەربازە و درێژەی دەبێت یان نا، ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی، کاتی ویلبارگەر ڕایگەیاند: ڕەوانەکردنی ئەم هێزە لەبەرامبەر هەڕەشەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت.

ئەو ژمارەیەی کە دیاریکراوە و توانا کانیان، پێمانوایە پێویستن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەڕەشەیەی کە هەیە. بە دڵنیاییەوە بەردەوام دەبین لە بەدواداچوون بۆ هەڕەشەکان و پێداویستیی هێزەکانمان و ماوەی کارکردنیان لە ناوچەکە کۆتاییهاتبوو.

ئەدمیراڵ مایکاڵ گیڵدەی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هێرشەکانی سەر تانکەرەکانی

بەرپرسێکی باڵای ئێران:

هیچ لایەنێک براوەی جەنگی دژ بە ئێران نابێت

سەرۆکی کۆمسیۆنی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوە لە پەرلەمانی ئێران، حەشمەتوڵا فەلاحەت پیشە ڕایگەیاند کە ئەوان پەیامی ئەوەیان بە ئەمەریکا گەیاندووە کە هیچ لایەنێک براوە نابێت لە هەر جەنگێکی دژ بە ئێران. فەلاحەت پیشە لە بارەی زیادبوونی گرژییەکانی ناوچەی کەنداو و لێدوانە تونەکانی لایەنەکان دژ بە یەکتری، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو پەیامەی بڵاوکردەوە کە بۆ ئەمەریکایان نارد‌ووە. ئەو بەرپرسەی ئێران لەبارەی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا و ئەو لایەنانەی هەوڵی نێوەندگیری دەدەن گوتی: هیچ لایەنێک براوەی هەر جەنگێکی دژ بە ئێران نابێت بەڵام دۆڕاوان زۆر دەبن. ئەو نێوەندگیرانەی کە خاوەنی ویژدانن ئەم پەیامەیان بە حکوومەتی ئەمەریکا گەیاندووە. بەڵام هەوڵەکانی خستنەوەی دووبەرەکی لەم ژینگە دەروونییە بەردەوامە.

کۆڕیای باکوور مەرج بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەمەریکا دادەنێت

جۆن بۆڵتن: ئەمەریکا دەخوازێت لە هەر کاتێکدا وتووێژەکان لەگەڵ کۆڕیای باکوور دەستپێبکاتەوە

کۆڕیای باکوور ڕایگەیاند کە تاکو ئەمەریکا هەڵوێستێکی نوێی نەبێت ئەوا دووبارە گفتوگۆکانی لەبارەی پرۆگرامی ئەتۆمی دەست پێناکاتەوە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی یۆنهاپی کۆڕیای باشوور کە پشتی بە زانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵی KCNA کۆڕیای باکوور بەستووە، گوتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی کۆڕیای باکوور ڕایگەیاندووە کە ئەمەریکا دەیەوێت وا نیشان بدات کە کۆڕیای باکوور بەرپرسیارە لە بێ ئەنجام بوونی لووتکەی ترەمپ و سەرۆکی کۆڕیای باکوور، کیم جۆنگ ئون. ئەو گوتەبێژەی کە لە هەواڵەکەدا ئاماژە بە ناوەکەی نەدراوە، ڕایگەیاندووە کە ئەگەر ئەمەریکا بە پلانێکی نوێ بێتە پێشەوە ئەوکات گفتوگۆکانی نێوان کۆڕیای باکوور و ئەمەریکا دووبارە دەستپێدەکاتەوە. لە لووتکەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ و سەرۆکی کۆڕیای باکوور، کیم جۆنگ ئون لە 27 تا 28ی شوباتی ڕابردوو، هیچ ڕێککەوتنێک واژوو نەکرابوو. لەلایەکی دیکەشەوە جان بۆڵتن ڕایگەیاند زنجیرە تاقیکردنەوەکانی هاتوچۆ و کار و بارزگانی بکەن. گوتیشی: لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوانمان، دوو لێژنەمان پێکهێناوە لە مانگێکدا دوو کۆبوونەوە یان زیاتر بە مەبەستی نەهێشتنی بۆشایی ئەمنی و پاراستنی ئاسایشی خەڵک ئەنجام دەدەین، زانیاری کۆبوونەوەکانمان و دواین پێشهاتەکانی ناوچەکە بە سەرووی خۆمان دەگەیەنین. لیوا هاشم دەشڵێت: ئەم ڕێککەوتنە لە سەرتاسەری سنووری قەزای زومار و ناحیەی ڕەبیعە جێبەجێ دەکرێت، دۆخی قەزای شنگال جیاوازە و ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە تا ئێستا بوونی نییە.

شەقامی ئێرانی خوازیاری دانوستانە لەگەڵ ئەمەریکادا نەک جەنگ



دانیشتوانی ئێران بەهۆی گرژییەکانی کەنداوی بەسرەوە لە چاوەڕوانییەکی تاقەتپڕوکێنداون و خوازیاری دانوستانن لەگەڵ ئەمەریکادا نەک جەنگ. دوای ئەوەی کە ئەمەریکا لە 2ی ئایارەوە کۆتایی بە بەخشینی هەشت وڵات کە نەوتی ئێرانیان هاورد دەکرد، هێنا و حکوومەتی تاران بەشێک لە بەرپرسیارێتییەکانی لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەدا هەڵیسارد، ئەم پێشهاتانە بوونە هۆی دروستبوونی جموجۆڵی سەربازیی لە کەنداوی بەسرە، ئەمە پاڵی بە شەقامی ئێرانییەوە بۆ نێو چاوەڕوانییەکی سەخت ناوە.

گەلانی ئێران دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی لە 8ی ئایاری پارسڵدا، بەرەوڕووی ڕۆژگارێکی ناهەمواری ئابووری بوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بەوە نییە جەنگێک لە ناوچەکە ڕووبدات بەڵام پێیان وایە پێویستە حکوومەتی وڵاتەکەیان لەگەڵ ئیدارەی واشنتۆندا لەسەر مێزی دانوستان دابنیشێت. ئەندامی یەکێتیی ئابووریبیناسانی ئێران و ئەکادیمیست، ڕەزا عەلیزادە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو ئاماژەی بەوەکردووە کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕێگەی نەدا ئێران سوود لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی وەربگرێت و ڕێگریی لە وڵاتانی دیکەش کرد لەگەڵ ئێراندا هاریکاریی بکەن. هەروەها ژنی ماڵەوە، فاتمە ڕەزایی ئاماژەی بەوە داوە کە پێویستە سەرەتا تاوتوێی ڕەوشی ژیانی خەڵک بکرێت و پێویست ناکات پەنا ببرێتە بەر جەنگ و شتگەلی هاوشێوە، گوتی: ئێمە وڵاتێکین پێش خۆمان دەبینین. پێمواییە جەنگ هەڵبگرسێت. دوای ئەوەی خەڵکی ئێمە زۆر ڕووداوی بە چاوی خۆی بینی لەگەڵ زۆر شت ڕاهاتووە. خوا یار بێت جەنگ هەڵناگیرسێت. تا پێمان بکرێ دەبێ چارەسەری گونجاو بدۆزینەوە و لەو شتانە دوور بکەوینەوە کە جەنگی بەدوادا دێت.

کاریگەری و پێگەی رەوەندی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا

پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا پشتیوانیی خۆی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەربڕیوەو پێشوازییان لە کاندیدکردنی بەڕێز مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردووە



بەشی 2 کۆتایی

ئا: ئەمیر جەرگیس*

پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا یەکەمین پەرلەمانی فرەنەتەوەیە کە هاوشێوەی لە جیهاندا نییە و نوێنەرایەتی(500)ملیۆن کەس دەکات و لە دانیشتووانی 28 وڵاتی ئەندام و دیموکراتیخواز پێکهاتووە. یەکێتی ئەورووپا یەکێتییەکی ئاڕەزوومەندانەی وڵاتانی ئەندامە بۆ گرێدان و ریککەوتنی ئابووری و سیاسیی نێوانیان لەسەر بنەمای دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و ئاشتییانە و ئاسوودەیی بۆ هاوڵاتیانیان لە یەکێتییەکەدا، کە لە(751) نوێنەر و پەرلەمانتاری وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە پێکهاتووە و لە هەڵبژاردنەکانی 2019دا (400) ملیۆن کەس لە ڕۆژانی نێوان 23- 2019/5/26 لە دانیشتوانی یەکێتیی ئەورووپا مافی دەنگدانیان دەبێت.

پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بە شێوازێکی فەرمی پێشوازییان لە شاندی دامودەزگاو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتی حکوومەت و ئەنجوومەنی ئاسایش و سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و لە چەندین بواری تریشدا بۆ بڕۆکسڵ کردووەو سەردانە فەرمییەکانی ڕێزدار سەرۆک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم لە نێوان ساڵانی 2007 تاکو 2017 بە گرنگ و میژوویی وەسف دەکرێن.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و بە تایبەتیش لەسەر ئاستی یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام پەیوەست بە شەڕی تیرۆر و مەترسییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش و کۆمەڵگای ئازاد و شارستانی و بۆ بەرگریکردن و ڕێگریکردن لە پەلامار و مەترسییەکانی تیرۆر بۆ سەر ئەورووپا و

پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە نزیکەوە چاودێری هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دەکەن

جیهان ڕاستەوخۆ هەرێمی کوردستان خرایە بەرەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنی داعش کە بە قۆناغێکی زێڕین لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت لەگەڵ ئەورووپا و جیهان بە گشتی، وڵاتانی جیهان بە چاوی ڕێزەوە لە لێهاتوویی و پێگەی هەرێمی کوردستان و قارەمانێتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەڕوانن لە تێکشکاندنی مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانی (داعش) لە کوردستان و ناوچەکە.

پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لە نزیکەوە چاودێری هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دەکەن بەوردی ئاگاداری هاوکارییەکانی حکوومەتی هەرێم و قوربانییەکانی پێشمەرگەی کوردستانن لە پاراستنی ئاوارەکانی جەنگ و دڵدەدانی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕی داعش لە هەرێمی کوردستان، سەردەڕای شەڕ و قەیرانی ئابووری و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم پارتە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و دامەزراوە حکومی و ناحکومی و دامەزراوەکانی ئەکادیمی و هزری و ستراتیژی و ئاسایش و گەشەپێدان و لە نێو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی چالاک ببینێت و شاندەکانی بانگهێشتی دەرەوە بکرێن و زۆرترین شاندی پارتە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی و کەسایەتییە ناسراوەکان بۆ پشتگیری ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی کوردستان بکات.

لە نێو ئەو شاندانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتی هەرێمی کوردستانی کردوون کە ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا لە گرووپی پەرلەمانی جیاجیا هەبووە کە بەتایبەتی پشتگیرییان لە هەرێمی کوردستان و پێکەوەژیان لە کوردستان کردووە و لە سەردەمی شەڕی داعش و ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و لەسەردەمی شەڕ و ئاشتیدا زۆرترین پشتیوانی بۆ کوردستان لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا مسۆگەر کردوە، لە زیادکردنی دۆست و پشتیوان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد.

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لە ڕابردوو دا چەندین کەسی لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا بە تایبەتی بانگهێشتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی بەرەکانی جەنگی پێشمەرگەی کوردستان لە دژی تیرۆر و داعش بەسەر بکەنەوەو پاکتاوی ڕەگەزی و وێرانکاری و هەڕەشەو مەترسییەکانی سەر کوردانی ئێزدی و کریستیان و پێکهاتەکانی تری ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان و ناوچەکە ببینن و پشتگیری بۆ کەیسی جینۆسایدی کورد و پێکهاتەکانی کوردستان بەدەست بهێنن، بە هۆیەوە لە چەندین پەرلەمانی کاریگەری هەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق .

یەکێتی ئەورووپا ڕۆڵی هەبووە لە هاوکاریکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پرسی دیموکراسی و پێشکەوتنی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان نەتەوە و ئایینەکان و ئاوەدانی و بوژانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا پشتیوانی خۆی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کردووەو پێشوازییان لە کاندیدکردنی ڕێزدار مەسروور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە، هەر دووای بڵاوبوونەوەی سەرکەوتنی پڕۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن باڵوێزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق ڕایگەیاند، کە یەکێتی ئەورووپا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی حکومەتی و کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا لە ئێستادا پەیوەندییەکانی خۆی بە دۆستانی کوردستان لە گرووپە جیاجیاکان نێو پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا (گرووپی دۆستایەتی کوردستان لە پەرلەمانی ئەورووپا) دامەزراند کە لە ژمارەیەک پەرلەمانتاری یەکێتی ئەورووپای دۆستانی کوردستان پێکهاتووەز بەردەوام لە بۆنەی جیاجیادا داوای کردووە کە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا ڕێز لە خواستی ڕەوای سەربەخۆیی و پرسی کورد و ڕابردوو و ئێستای کورد لە سایەی حوکمڕانی ڕژێمە یەک لە دوای یەک لە عێراق و دووای بڕیاری خەڵکی هەرێمی کوردستانی بە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا ڕاگەیاند.

سەرۆک بارزانی لە بەشێکی گوتارەکەیدا لە نێو تەلاری پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بە ڕاشکاوی پێی ڕاگەیاندن: ئەوە سەد

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لە رابردوودا چەندین کەسی لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا بەتایبەتی بانگهێشتی هەرێمی کوردستان کردووە



سااڵە دەڵێن کاتەکە گونجاو نیە و نازانم چ ڕۆژێک گونجاوە بۆ ئەو پرۆسەیە و ئێوە (پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا) پێمان بڵێن کەی گونجاوە؟!

پرسی کورد لە دێر زەمانەوە جێی بایەخی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندام بووە لە یەکێتی ئەورووپا و بە دامەزراندنی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنی پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو و ئەو هەڕەشەو مەترسیانەی لەسەر هەرێمی کوردستان و کێشەکانی سیاسی ناوخۆیی و ناوچەیی لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکەی خەڵکی کوردستان بگرێت و پشتگیری داوا ڕەواکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات.

لە سەرەتای مانگی یەکی 2016 ڕیچارد چارنێتسکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا سەردانی هەرێمی کوردستان و بەرەکانی شەڕی پێشمەرگەی کوردستان لە دژی تیرۆریستانی داعش و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کرد. لە دیدار لەگەڵ سەرۆک بارزانی دا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا ڕایگەیاند، کە بەبێ کوردستان چارەسەری ئاشتییانە لە ناوچەکەدا بەدی نایەت و پێویستە ئەورووپا و جیهان ئاگاداری ڕاستییەکان و ڕۆڵی خەڵکی کوردستان بن لە سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەو پشتیوانی یەکێتی ئەورووپای بۆ کوردستان گەیاندە سەرۆک بارزانی.

لە دیداری شاندەکانی هەرێمی کوردستانیش بۆ پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە هەردەم ئەم هەڵوێستەیان بۆ ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە و بەردەوامیش هەوڵیان داوە لە گەشەپێدانی دیموکراسی و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و پالپشتیکردنی مافی پێکهاتەکانی ئایینی و پێکەوەژیان لە ناوچەکە.

لە سەر بانگهێشتی فەرمی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا لە مانگی 2017/7دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندێکی باڵا سەردانی بڕۆکسڵی کرد و لەبەردەم پەرلەمانتارانی گرووپە جیاوازەکانی پەرلەمانی ئەورووپا وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد و پەیامی خەڵکی کوردستانی سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە چەندین لاوە دژایەتی ئەم داخوازییەی گەلی کورد کرا و بیانووی ئەوەیان هێنایەوە، کە کاتەکە گونجاو نییەو زیانی دەبێت بۆ یەکپارچەیی عیراق و ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، بەڵام چەندین کەسایەتی و پەرلەمانتار و لایەنی سیاسیی بیانی دەنگی پشتگیری لە مافی گەلی کورد بۆ بڕیاردانی چارەنووس بیسترا. لە پێشهاتێکی گرنگدا ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارانی یەکێتیی ئەورووپا پشتگیری خۆیان بۆ خواستی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ مافی چارەی خۆنووسین و ڕێکخستنی ڕیفراندۆم دەرخست و ڕایانگەیاند کە مێژووی کورد لە یەک سەدە لە نەهامەتی و چەوساندنەوە لەسەر دەستی ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی عیراق کراوە و خەڵکی کوردستان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە، کە ئەوەش لە جارنامەی مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەسپاوە.

لە ساڵی 2014 پەرلەمانتارانی(20)وڵاتی ئەندام لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا دا کە ناسراوون بە سەرۆک هۆزی کورد، هەروەها سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی بڕۆکسڵ و پەرلەمانی ئەورووپا دەکەن و لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لەگەڵ پەرلەمانتارانی ئەورووپا و ئەندامانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری دەکەن و لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا بە ناوی "ئەورووپا و کێشەی کورد" ئاماژە بە گرنگی و پێویستی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەورووپا دەکەن و پێشنیاری چەند هەنگاوێک دەکەن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و یەکێتی ئەورووپا.



هەبووە هەر لە ڕێگەی ئەم وڵاتانەوە و ئەندامانی پەرلەمانی ژمارەیەک لە وڵاتانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا پرسی کورد و هەرێمی کوردستان دەبێتە جێی بایەخی سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپا و کۆمیسیۆنی ئەورووپا و دامەزراوە گرنگەکانی سەربەم یەکێتییە. یەکێتی ئەورووپا هەوڵی داوە بە بەردەوامی چاودێری پرسەکانی ڕژێمەلاتی ناوەڕاست و لە نێویشیان دا ڕەهەندەکانی پرسی کورد کات لەو وڵاتانەی کوردستان بەسەریان دا دابەش کراوە، هەروا لە وێنێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەنی وڵاتانی ناوچەکە لەبەرامبەر دانیشتوانی کورد و و چاترەسەر نەکردنی پرسی کورد و جێبەجێنەکردنی مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپا بۆ باشتر کردنی دۆخی سیاسی لە وڵاتانی ناوچەکە و نەبوونی ئاشتی و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە چالاکوانانی سیاسیی کورد بە ڕێبەرایەتی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستانی کردووە بە دریژایی نیو سەدە لە سەدەی ڕابردوو و لە قۆناغەکانی تری خەباتی نەتەوەییدا بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی دریژەپێدەری هەمان خەبات و ڕێبازی کوردایتی و نەتەوەیی بووە.

هاوکات دووای ئەنجامدانی کۆنگرەی 13 پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی ئۆکتۆبەری 2010دا پەیوەندییەکانی دەرەوەی خۆی دووبارە ڕێکخستەوە و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتیش توانی لە 8 ساڵی ڕابردووا پلانێکی کاری سیاسی و دیپلۆماسی سەرکەوتوو لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیڕەو بکات و زۆرترین شاندی بنێرێ بۆ وڵاتانی دەرەوەو پەیوەندییەکانی دەرەوەی نوێ بکاتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا فراوانتر کردووە و وەک هاوبەشێکی گرنگی خۆی لە ناوچەکەدا لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە پارتێکی دیموکراتی، نیشتیمانی و هەڵگری بیری نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی کوردستانە و بە کۆنترین پارتی سیاسی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەژمار دەکرێت، توانیویەتی ببێتە سەکۆیەک بۆ هەموو تاکێکی کوردستانی کە بڕوای بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە، لە میژووی 72 ساڵی خەباتیدا پارتی زۆرترین قوربانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەخشیوەو

پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە نزیکەوە چاودێری هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دەکەن

ئەورووپا جینۆسایدی کورد و ئەنفال و کیمیاباران هەڵەبجە و جینۆسایدی داعش دژ بە کوردانی ئێزیدی و پێکهاتەکانی تر بە فەرمی ناسراوە، بەڵام پێویستە کورد لە بواری لۆبیگەری بەردەوام بێت بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد.

دوایین چالاکییە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لەگەڵ گرووپی کۆنسێرڤاتیڤەکانی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا بە هەماهەنگی لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) دا کۆنفرانسی ئایندەی کریستیانەکان (ئاشووری، سریانی و کلدانی) لە عێراق لە نێو تەلاری پەرلەمانی ئەورووپا لە 2017/6/28 ساز کرد کە بە جیاش پرسی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و قارەمانێتی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی تێکشکاندنی داعش و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان لە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان سەرجەم ئایین و نەتەوەکان و پاراستن و هاوکاریکردنی ئاوارەکانی جەنگ لە کوردستان و ناوچەکە تاوتوێ کرد و جیا لە ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا لە گرووپە جیاجیاکان ، شاندی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) و شاندی پارتە کریستیانەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و گەورە پیاوانی ئایینی کریستیان و چالاکوانانی کوردی ئێزیدی و کەسایەتی سیاسی و پەرلەمانتار و نوێنەرانی پێکهاتەکانی ئایینی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەورووپا و ئەمەریکا و میدیای ئەورووپی و جیهانی و کوردستان تێیدا ئامادە ببوون. شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان دیدگای پارتی و هەرێمی کوردستانی لەسەر دۆخی پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی و کریستیان و ئێزدیی و ئەوانی تر لە کوردستان و عیراق لە قۆناغی شەڕی داعش و پۆست داعش گەیاندە بەشداربوانی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا کە لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن.

*** بەڕێرسی دیسکی ئەورووپای مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک)**

لقێ ئێک 26 گولانێ ساخکرە قە



ب هەلکەفتا سالڤەگەرا شورەشا گولانا نشتیمانی و پێشکەفتێ خاز ل هولا بارەگایێ لقێ ئێک و ب ئامادەبونا پێشمەرگەھ و کادرێن شورەشا گولانێ، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقێ ئێک بڤێ هەلکەفتێ سمینارەک گێرا، بەرپرسێ لقێ ب ڤێ هەلکەفتێ سلاڤ ل وان پێشمەرگەھێن شورەشا گولانێ و وان دایکێن کو قەھرمان مەزن و ئافاکرین ژبو خوگوریکرنێ بو ئازادی و کرامەتا مروڤێن کوردستانێ و هەروەسا پیروزباهی ل پێشمەرگەھێ روژێن گرانێن گەلێ کوردستانێ سەروک مەسعود بارزانی راگەهاندن کو ب سیاسەتا حەکیمانە جەنابێ وی و رێبازا پیروزا بارزانییێ نەمر ئەم شیایین تحدیا رژیما گوربەگورا بەعسیا بکەین و روژ بو روژێ داستانێ توماربکەین تا گەھاندیە ئەڤرویا کوردستانێ کو یا پرە ژ دەستکەفت و سەرکەفتنا و ژبو پاراستنا ڤێ ئێکێ ژی ئەم پێدڤی ب هێزا پاراستنا وێنە چونکی بۆ ڤێ ئێکێ گەلەک عەزیزان جانێ خو گوری کریە داکو ئەم ھەبین ھەر ب ڤێ هەلکەفتێ ژی چەندین دیاری سەر زاروییێن بێ سەمیان ل پارێزگەھا دھوکێ ھاتنە پارڤەکرن کو ڤێ ئێکێ ژی گرنژینەک سەر دەم و چاڤێن وان باراندن و ھەر وەسا چەندین کەسایەتی ژی ھاتنە رێز لینان بڤێ ھەلکەفتێ.

بەرپرسی لقی دوو:

بلێسەی شۆڕشی گولان، کوردستانی روونـاک و ئاوەدان کردەوە



بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادی شۆرشی گولانی پێشکەوتنخواز دووپاتی کردەوە کە بلێسەی شۆڕشی گولان، کوردستانی روناک و ئاوەدان کردەوە.

سەر لە بەیانی دوێنێ یەکشەمە 26ی ئایاری 2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیا و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق، بەبۆنەی تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخواز، کۆڕێکی بۆ هەڤالان و کادیرانی پارتی ڕێکخست.

لەو کۆڕەدا، بەرپرسی لقی دوو، باسێکی مێژوویی شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخوازی کرد و ئامانجەکانی ئەو شۆڕشەی دیاری کرد وەک درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، جەختیشی کردەوە کە شۆڕشەکە هی تەواوی گەلی کوردستان بوو، زۆرێک لە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و چین و توێژی جیاجیا هاتنە ریزی و لەپێناو ئامانجە گەورەکەی گەلی کوردستان تێکۆشان و بەبێ جیاوازی قوربانیان دا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆڕەدا، ئەحمەد کانی باسی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخوازی کرد و گوتی: ئەو شۆڕشە بەرهەمەکەی ئازادی و پێکهێنانی یەکەم حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بوو لە مێژوودا،کە بەدوای خۆی ئاوەدانی و ریفراندۆمی هێنا بۆ سەربەخۆیی، هەموو ئەوانەش بوونە دەستکەوتی مەزن بۆ گەلی کوردستان و مێژوو نووسیویەتیەوە و دەمێنێتەوە.

پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی گەرماوەکەی قەڵای هەولێر دەستپێکرد



خەبات ـ سەید فەخرەین:

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە یاوەری تاهیر عەبدولا جێگری پارێزگار و دارا یەعقوبی سەرۆکی کۆمیسیۆنی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر، پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی گەرماوەکەی قەڵای هەولێریان بەسەر کردەوە کە بە پشتگیری و کۆمەکی ڕێکخراوی WMFی ئەمریکی قۆناغی یەکەمی دەستی پێکردوە. پارێزگاری هەولێر ستایشی کۆمەک و هاوکاری ڕێکخراوی ناوبراوی کرد، وێرای سوپاسگوزاری کونسولگەریتی ئەمریکا لە هەولێر کە خەرجی نۆژەنکردنەوەکەی بەهەمان ستایلی میژوویی و کلتوری خۆی لە ئەستۆ گرتووە و هیوای خواست کارەکان بە باشی و بە خێرایی بەڕێوە بچن و ڕێکخراوی ولاتانی تریش لە هاوکاری و پشتیوانی حکومەتی هەرێم و پارێزگای هەولێر بەشداریان هەبێت و تەواوی بەرنامەکانی ماستەرپلانی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر دەست پێبکاتەوە و ببێتە ڕوگەیەکی گەشتیاری گرنگ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان.

بە بەشداری دەیان هەزار قوتابی قۆناغی 12ی ئامادەیی، تاقیکردنەوە گشتییەکان دەستپێکرد



دوێنێ یەکشەمە بە بەشداری زیاتر لە 115 هەزار قوتابی قۆناغی 12ی ئامادەیی زانستی، وێژەیی و پیشەیی، تاقیکردنەوە گشتییەکان بۆ ساڵی خوێندنی 2018-2019 لە هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر لە چوار هەزار هۆڵ بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و 27 هەزار چاودێر لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دابینکراوە.

لە شاری سلێمانی بەرپرسانی ئیدارەی شارەکە و پەروەردە ئامادەی ساتی دەستپێکردنی یەکەم تاقیکردنەوە بوون لە یەکێک لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شارەکە و هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکانیان بەسەرکردەوە.

لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی 605 هۆڵی تاقیکردنەوە ئامادەکراوە و 33 هەزار و 136 قوتابی قۆناغی 12 بەشداری تاقیکردنەوەکان دەکەن.

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی، دڵشاد عومەر لەو بارەیەوە گوتی: وەزارەتی پەروەردە نووسراوی بۆ هەموو پارێزگار و وەزارەتەکانی ناوخۆ، گواستنەوە و گەیاندن و کارەبا کردووە بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی پرۆسەکە و کارەبا و نەمانی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا و هاوکاری باش لەو بارەیەوە کراوە.

ئەو باسی لەوەش کرد، هەوڵی تەواو دراوە بۆ باشترکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەکە و دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ قوتابیان بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانیان.

لە بارەی هەوڵەکان بۆ ڕێگریکردن لە گزیکردن لە میانی تاقیکردنەوەکاندا، دڵشاد عومەر لە وەڵامدا گوتی: چەندین ڕێگە گیراوەتەبەر بۆ دوورکەوتنەوە لە گزیکردن، لەوانەش ئاڵوگۆڕ لە پرسیارەکان و گرتنەبەری ڕێکاری پەنجەمۆر.

هەروەها بڕیارە ئەمڕۆ دووشەمە تاقیکردنەوەی نیشتمانی قۆناغی نۆی بنەڕەتی دەست پێ بکات و لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 118 هەزار قوتابی بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەن.

وەسا دوهی سپێدێ 2019/5/26 بەهزار علی ئادەم جێگری پارێزگەری دهوکێ وعومەر عەلی تەها ڕێقەبەری گشتی یێ پەروەردێ و چەند سەرپەرشتیارێن پەروەردەیی سەرا هولێن بنگەهێن ئەنجامدانا ئەزمونێن قوناغا دووازدێ ئامادەیی دا پێن وژنێزیک سەحکرە رەوشا قوتابیان وکێم وکاسیێن هولا دەمێ ئەزمونا ئەنجامدان.

ئەو بنگەهێن سەردانا وان هاتیە کرن ئەقەبون ئامادەیا هێز ل تاخێ ئێتیتێ و ئامادەیا پێشەوا ل تاخێ پیشەسازی. بڤێ هەلکەفتێ دەستڤەبین وسەرکەفتێ بو هەموویان خواست.

ژلایەکێ دیڤە عمر علی تەها ڕێقەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ کر هەروەسا داخازا سەرکەفتنێ بو هەموو قوتابییێن پشکدار کر هەروەسا سوپاسیا ڕێڤەبەریا گشتی یا کارەبا پارێزگەهێ کر بو دابینکرنا کارەبا بەردەوام بو هەموو هول وبنگەهان وسوپاسیا ڕێقەبەریا پولیسێن پارێزگەهێ ژی کر کو ئارامیا بنگەهان دپارێزن.

سۆران... یەکەمین فیستیڤاڵی قورئانی پیرۆز سازکرا



لە پێشوازی شەوانی قەدری پیرۆز و بە ئامادەبوونی مامۆستایانی ئایینی و بەرپرسانی حکومی و حزبی و جەماوەرێکی زۆری شاری سۆران و دەوروبەری، یەکەمین ڤیستیڤاڵی قورئان لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران لە مزگەوتی بەختیاری سۆران بەڕێوەچوو، دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز فیستیڤاڵەکە دەستی بە چالاکییەکانی کرد.

لە وتەیەکیدا بە ناوی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە وەکالەت و کرمانج عزەت قایقامی قەزای سۆران پێشکەشی میوانانی کرد، دکتۆر پشتیوان سرێشمەیی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران وێڕای پیرۆزبایی بەبۆنەی شەوی قەدری پیرۆز وردەکاری چالاکی ڤیستیڤاڵەکەی خستەڕوو، دواتر وتاری هەریەک لەمامۆستا مەلا سابر گرتکی سەرپەشتیاری فیستیڤاڵەکە و مامۆستا مەلا ڕەسول گەزنەیی کارگێڕی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی ئایینی پێشکەش کران، لەمیانی ڤیستیڤاڵی قورئانی پیرۆز لەلایەن شەش بەشداربووی قورئان خوێنی دەنگخۆش چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز خوێندرانەوە و لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا و دیاری و خەڵاتیان بەسەر دابەشکران، و لە کۆتاییدا چەندین شیعر و پەخشانی ئایینی پێشکەش کران.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن:

هێڵەکانی ئینتەرنێت بۆ ماوەی 17 کاتژمێر و نیو ڕادەوەستن



وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی ڕاگرتنی هێڵەکانی ئینتەرنێت لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا بلاو کردەوە.

دوێنێ یەکشەمە 2019/5/26 وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ڕوونکردنەوەیەکی لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆی بلاو کردەوە، تێیدا هاتووە: وەکوو سالانی ڕابردوو بە هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیار دراوە بە ڕاگرتنی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە ڕۆژانی ئینتەرنێت لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەی 12ی ئامادەیی لە شەشی بەیانی تاکوو هەشت و نیوی بەیانی دەبێت، کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لەو بڕیارە ئاگادار کراونەتەوە.

ئاماژە بەوەش دراوە، بەپێی خشتەی تاقیکردنەوەکان کە لە 2019/5/26 تا 2019/6/16 دەخایەنێت و لەو ماوەیەدا 7 ڕۆژ تاقیکردنەوەکان ئەنجام دەدرێن، کۆی ماوەی ڕاگرتنی کاتەکانی ئینتەرنێت دەگاتە 17 سەعات و 30 دەقیقە.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی 12ی ئامادەیی، ئەمەش بە مەبەستی ڕێگریکردن لە گزی.

باس لەوەش کراوە، ڕاگرتنی هێڵەکانی

تەندروستی گەرمیان داوا لە پزیشکان دەکات مانگرتن بشکێنن

خەبات ـ سەریە یوسف:

دوای ئەوەی بەهۆی دەستگیرکردنی 4 پزیشک و کارمەندی تەندروستی سنووری گەرمیان، پزیشکان دەستیان دایە مانگرتن، ماوەی 5 ڕۆژە تا دوێنێ یەکشەمە 26ی ئایاری 2019 پزیشکان بەردەوامن لەمانگرتن و تەندروستی ناوچەکەش لە ڕاگەیەندراوێکدا داواکارە پزیشکان پابەند بن بە دەوامەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەی تەندروستی گەرمیان، کە وێنەیەکی بە خەبات دراوە هاتووە دوابەدوای ئەوەی پزیشکانی سنووری گەرمیان بەهۆی ڕاگرتنی 2پزیشک و 2 کارمەندی تەندروستی هاوکارییانەوە لەلایەن بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەوە لەکەلار مانیان لە دەوامکردن گرت، ئێمە لای خۆمانەوە لە پەیوەندی و بەدواداچوون بووین لە ئاست و لایەنە جیاوازەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا، ئەوەش هاتووە داواکارین دادگا و دادوەرە بەڕێزەکان کار بە ناوەڕۆکی نووسراوێکی ئەنجومەنی دادوەری بکەن لەبارەی مامەڵە لەگەڵ کەیسی پزیشکان، کە نوسراوەکە لە مانگی شوباتی ئەمساڵ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەرییەوە واژۆکراوە و گشتینراوە بەسەر هەموو دادگاکان دا و نووسراوەکەش هاوپێچی ئەم ڕاگەیەنراوە کراوە. دوا بەشی ڕاگەیەڕاوەکە هاتووە داواش لە سەرجەم پزیشکان دەکەین کە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی تەندروستی هاوواڵتیان، کۆتایی بە مانگرتنیان بهێنن و لە کارەکانیان بۆ خزمەتی هاوواڵتیان دانەبڕێن وەک چۆن لەسەروبەندی قەیرانی دارایی دا بەردەوام بون لە کار و خزمەت، هەروەک ڕەچاوی دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوواڵتییان و پێداویستییان بە ئامادەیی پزیشک بکەن بەهۆی هەستیاریی پیشەکەیانەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر: ئەو کەسانەی ئاگادارین لە شوێنی چەکدارانی داعش، بانگهێشتی ئەنجامدانی ئەرکی نیشتمانی دەکرێن



بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر بانگهێشتی هاوڵاتیان دەکات کە ئەگەر ئاگاداری شوێنی چەکدارانی داعش بن، ئەرکی نیشتمانی خۆیان ئەنجام بدەن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر لە بڵاوکراوەیەکی ڕاگەیاندووە: بەهۆی ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕوویانداوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر بانگهێشتی هاوڵاتیان دەکات کە ئەگەر ئاگاداری شوێنی چەکدارانی داعش بن، ئەرکی نیشتمانی خۆیان ئەنجام بدەن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاندووە: ئەگەر هاوڵاتیان زانیاری گرنگیان هەبێت دەربارەی شوێنی چەکدارانی داعش، دەتوانن پەیوەندی بە هێڵی ئاسایشی هەولێر (0750 444 0000) بکەن.

بەرپرسێ لقێ نۆ: شۆڕشا 26ێ گولانێ بەرسڤەکا توند بوو بۆ پیلانا خیانەتکاریا 1975ێ

ب هەلکەفتا 43 مین سالیادا شۆرشا 26ێ گولانێ پێشکەفتنخواز، ل هولا بارەگایێ لقێ9 و ب بەرهڤبوونا کارگێر و ئەندام و کادرێن لقێ9 و هژمارەیەکا زور یا ئافرەتان، ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ سمینارەک بو سەباح بەیتولا بەرپرسێ لقێ9 سازکر، دڤێ سمیناری دا بەرپرسێ لقێ9 گوت: شۆرشا 26ێ گولانێ شیا هەمی بیاڤیت ڤی مللەتی بگوهریت و ببیتە قوتابخانەیەکا مەزنا هەستا نەتەوی و نیشتیمانی و ئەم فێرکرین چەوا بریارا کوردا بکەینە ئێک و چەوا دەنگێ کوردا کوم کەینە سەرێک و چەوا بەرسینگێ زوڵم و زوریێ بگرین و چەوا چەپەریت شۆرشێ و بەرخۆدانێ و فیداکاریێ موکمتر بکەین، شۆرشا گولانێ بەرسڤەکا دیتر بوو بۆ دوژمن و داگیرکەریت کوردستانێ و پیلانا خیانەتکاریا جەزائیر یا سالا 1975ێ. دیسان بەرپرسێ لقێ9 گوت: دوژمن و داگیرکەریت کوردستانێ وەسا هزر دکر و ل وێ خەیالا خاڤدا دژین کو ئیدی مللەتەک بناڤێ کوردا کوم ئینە و ئاخەک بناڤێ کوردستان و دۆزەک بناڤێ دۆزا کوردی هەتا هەتا دویاهیک پێهات، لێ نەزانی و نەڤیا بزانن ژی ئەو پارتیا بارزانییێ نەمر دامەزراندی کو چەوا رەو و ریشالکێن خۆ دناڤ جەرگێ جەماوەرێ کوردستانێ دا چاندینە دەستا ل خەبات و شۆڕش و تێکوشینێ بەرنادەت و هەلناگریت و ئەو پارتیا خۆ ب ئارمانجێن نەتەویڤە گرێدایی قەت ممکن نیە سەرێ خوە بۆ دوژمن و داگیرکەرێت کوردستانێ بچەمینیت.

بەلێ ل شۆڕشا 26ێ گولانا ساڵ 1976ێ چریسکا شۆڕشێ گەشبوو و ب ئەمر و فەرمانا رێبەرێ نەتەوا کورد مستەفا بارزانی هەلبووڤە و شۆرشگێڕ و قەهرەمان و دلسوزێن کوردایەتییێ ل هەمی رەخەکێڤە قەستا بەرۆکێت بەرخۆدانێ کرن و شەرێ پارتیزانی گەشبوو و هەمی کوردستان ڤەگرت و رولێ شێرەژنا کورد دڤێ شورشێ دا ب بلندی نرخاند و خواست کو فەرە ئەڤرو ب هەمان هەلویست ئافرەتا کورد بەرەڤانییێ لڤان دەستکەفتییێن شورشا گولانێ بکەتن.

بەرپرسی لقی24ی سەفین: شەهید سلێمان بیرێژی فەرماندەیەکی دیار و چاونەترسی شۆڕشی گولان بوو



لە 43مین ساڵیادی شۆڕشی گولانی پیشکەوتنخوازدا، لیژنەی ناوچەی هیران بە هەماهەنگی لەگەڵ لقی24ی سەفین، لە سەر گلکۆی شەهیدی سەرکردە سلێمان بیرێژی و بە ئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفین و کارگێڕانی لق و بنەماڵەی شەهید سلێمان بیرێژی و فەرماندە و بەشێک لە پێشمەرگەکانی بەشداربووی شۆڕشی گولان و چەند کەسایەتییەکی دیاری دەڤەرەکە و بەرپرسانی ئیداری سنوورەکە. مەراسیمێکی پرشکۆی رێککخست.

سەرەتای مەراسیمەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز و وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانی نەمرو و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد.

دواتر وتەی بەخێرهێنان لەلایەن بەرپرسی ناوچەی هیران، مامۆستا سەلام خۆێندرایەوە و داوای لە بەرپرسی لقی24ی سەفین کرد وتەکەی پێشکەش بکات.

دواتر هیوا ئەحمەد مستەفا بە تیروتەسەلی باسی لە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخواز کرد و رایگەیاند: ئەم شۆڕشە درێژکراوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو هەروەها وەستانەوەبوو دژی نسکۆی 1975 و رێککەوتنامەی جەزایر کە لە دژی شۆڕشی ئەیلول و مافە رەواکانی میللەتەکەمان ئەنجام دران.

لەبەشێکی تری قسەکانیدا بەرپرسی لقی24ی سەفین تیشکی خستەسەر قارەمانیەتی شەهیدی سەرکردە سلێمان بیرێژی وەک فەرماندەیەکی چاونەترسی ئەم شۆڕشە کە شوێن پەنجەی دیاربووە لە روویەروبونەوە دژی رژێمی لەناوچووی بەعس.

هەر لە دریژەی مەراسیمەکە وتاری بنەماڵەی شەهید لەلایەن کوڕی شەهیدی سەرکردە خوێندرایەوە لەگەڵ چەند قارەمانی و نەبەردی ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید لەلایەن ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵدا بوون و هاوخەباتی بوون.

دواتر تاجە گولێنەی لقی 24ی سەفین لەلایەن هیوا ئەحمەد ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی لەسەر گلکۆی شەهید سلێمان بیرێژی دانرا و مەراسیمەکە کۆتایی پێهات.

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، هەڤاڵ سەربەست ئارەب مامال لێری، پر بە دڵ سوپاسێکی بێ پایان بۆ بەڕێز کاک سیداد بارزانی نوێنەری سەرۆک بارزانی، بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی، نوێنەری مەکتەبی نێچیرڤان بارزانی، نوێنەرانی کاک مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بارزان بارزانی، پەرلەمانتاران، دامودەزگاکانی حکوومی و حزبی و ئەمنی، فەرماندەو لەشکرەکان، پێشمەرگەکان، مامۆستا ئایینەکان و کەسایەتی و ریش سپییەکانی تر کە لە ڕێگەی دووڕەوە تەشریفیان هێنا، سوپاسی گشت کەسایەتی و نوێنەر و ئەو لایانە دەکەین کە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە کاتی پێشوازیکردن لە هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی خوالێخۆشبوو تاکو لە ناحیەی بەحرکە بەخاک سپێردرا و لە پرسەدا لە گەڵمان بەشداربوون لە خەمەکانی ئێمەیان کەم کردەوە، سوپاس بۆ ئەو دڵسۆزانەی لە دەرەوەی وڵات بە تەلەفۆن و ئیمێل پەیوەندیان پێوەکردین.

هەروەها سوپاسێکی زۆر تایبەت بۆ هەموو خزم و دۆست و ناسیارەکانمان دەکەین کە هاوخەمی خۆیان دەربڕی و ئەرکیان کێشا و بەشداربوون لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردن و پرسەی کاکە سەربەستی خۆشەویست. هاوخەمیتان ئازارەکانیان لە بیربردینەوە خوا پاداشتی هەموولایەک بداتەوە.

انا لله وانا الیه راجعون

بنەماڵەی خوالێخۆشبوو هەڤاڵ سەربەست ئارەب مامال لێری

بەرپرسی لقی دوو سەردانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکات



لە چوارچێوەی سەردان و بەسەرکردنەوەکانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری محەمەد خەلیل و جەسام موشیر کارگێڕانی لق و کارۆخ سەعید بەرپرسی لیژنەی ناوچەی رزگاری، سەردانی 9خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعشی کرد. لەو بەسەرکردنەوانەدا، بەرپرسی لقی دوو لە ڕەوش و گوزەرانی خانەوادەی شەهیدانی پرسیەوە و دڵنیاییدا لەوەی ئەوەی لە تواناياندا بێت بۆ خزمەتکردنی خانەوادەی شەهیدان دەیکەن و هەرچیش بکەن ناگات بە دڵێپە خوێنێکی شەهید کە گیانی خۆیان کردە فیدای خاکی پیرۆزی کوردستان، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەگەر قوربانیدانی ئەوان نەبوایە، ئێستا ئەزموون و دەستکەوتەکانی کوردستان و خەباتی چەندین ساڵەی گەلی کوردستان دەکەوتە ژێر مەترسی گەورەی تیرۆر. هەر لەو بەسەرکردنەوانەدا، بەرپرسی لقی دوو لە باری خوێندنی منداڵانی شەهیدی پرسیەوە و دووپاتی کردەوە هەموو ئاسانکارییەک دەکەن بۆ ئەوەی منداڵانی شەهید دەست لە خوێندن هەڵنەگرن و بە زانست و فێربوون دریژە بە خەبات و تێکۆشانی شەهیدەکانیان بدەن و بەوە چۆک بە دوژمن بدەن.

وەزارەتی ناوخۆ سیستەمێکی نوێ بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران پیادە دەکات



بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی حوکمەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند تاقیکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بە ئەلیکترۆنی ئێستاوە سەرقاڵی ئامادەکارییەکانین بۆ تەواوکردنی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بەو بابەتە.

د. سامی جەلال بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بە ئاسنیوزی ڕاگەیاندوە: بەمەبەستی زیاتر هەنگاونان بەرەو پیادەکردنی حکوومەتی ئەلیکترۆنی و کەمکردنەوەی ڕۆتینیات، بڕیار درا تاقیکردنەوەی پلە بەرزکرنەوەی سەرجەم ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بە ئەلیکترۆنی بکرێت.

ڕاشیگەیاند پێشتر ئەو تاقیکردنەوانە بە شێوەیەکی کلاسیک بەڕێوە دەچوون، بەڵام بە پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە تازەیە کاتێکی باشمان بۆ دەگەڕێتەوە، چونکە دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ڕاستەخۆ ئەنجامەکەی دەردەچێت، جگە لەوەش هەر ئەفسەرێک 2000 پرسیاری بە شێوەی هەڵبژاردن بۆ دانراوە کە ئەمەش توانا و زیرەکی ئەفسەران زیاد دەکات.

سامی جەلال ئاماژەی بە ئەوەش کرد: لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە کە هەر لە ئێستاوە خەریکی ئامادەکردنی پرسیارەکانن، سیستەمەکەش لە کانونی دووەمی ساڵی داهاتوودا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر ئەفسەرێکیش لەو تاقیکردنەوانە دەرنەچێت، پلە بەرزکردنەوەی بۆماوەی شەش مانگ دواەکەوێت.

ڕانیە... دەست بەسەر چەندین ئاژەڵی بەڕەڵاکراودا دەگیرێت



لەناو ناوەندی شاری ڕانیە، شارەوانیی سنوورەکە دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی ماڵیی بەڕەڵاکراودا گرت. لەمبارەیەوە کارۆخ شەریف، لێپرسراوی باخچەکانی شارەوانیی ڕانیە بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: بەهاتنەوەی ئاژەڵانەمان ئاگادار کردۆتەوە، کە ئاژەڵەکان بەرەڵا نەکەن و بیانبەن بۆ دەرەوەی شار، بەڵام بەداخەوە وەک پێویست بەدەم داواکارییەکەمانەوە نەهاتوون. لێپرسراوی باخچەکانی شارەوانیی ڕانیە باسی لەوەش کرد، دوێنێ یەکشەمە 2019/5/26 لە هەڵمەتێکدا توانیویانە دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆر لەو ئاژەڵانە بگرن، پاشان لە شوێنێک کۆیان دەکەنەوە و بابەتەکەش دەدەنە دادگا، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدات.

لەبارەی پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگای ترام لە هەولێر ڕوونکردنەوە دەدرێت



پاریزگاری هەولێر ڕای دەگەیەنێت، ماستەرپلانی پڕۆژەی ڕێگای ترام بۆ هەولێر ئامادەیە. نەوزاد هادی، پاریزگاری هەولێر لەبارەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێگای ترام بۆ هەولێر و هێڵی شەمەندەفەر بۆ دەرەوەی شارەکان، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: دەزانم قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت، بەڵام نە بوودجەیەک هەیە بۆ ئەو پڕۆژانە، نە وەبەرهێنێکیش داوای بۆ ئەو بابەتە پێشکەش کردووە.

پاریزگاری هەولێر ئاماژە بەوەش دەدات: پلانی بنەڕەتی و ماستەرپلانی پڕۆژەی ترام ئامادەیە، بەڵام هیچ بوودجەیەکی حکوومەت بۆ دروستکردنی ترام وەی نییە، پڕۆژەکەش بڕی دوو ملیار دۆلاری پێویستە، بەڵام لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بوودجەیە نییە.

یادی 43 ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵان
شۆڕشی گوڵان دریژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە

خەبات: دەڤەری بارزان- سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

شۆڕشی گوڵان دیسان ئەوەی سەلماند کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەموو ئیرادەیەک خەبات دەکات بۆ سەرفەرازی کورد و کوردستان. لە رۆژی 5/26/ 1976 دەستپێکی شۆڕشی گوڵان بوو، شۆڕشێک کە پڕ ببوو لە بەرخودان و لە ئاوارەییدا ئەو شۆڕشە دەستی پێکرد، بۆ بەرزراگرتنی یادی 43 ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵان کە تێدا پێشمەرگەکانی ڕێبازی بارزانیی نەمر خەباتگێڕ و کۆڵنەدەر بوون. بۆیە بۆ یادکردنەوەی ئەم یادە پیرۆزە لە گوندی خۆشکانی سەربەدەڤەری بارزان خەباتکار و بریندارە چەندەها داستانە. بۆ یادکردنەوەی خەباتی مام (ئەحمەد حەسەن خۆشکانی) لە شۆڕشی گوڵاندا، ئەم پێشمەرگە دێرینەمان بەسەر کردەوە و ئەویش بەم شێوەی خوارەوە یادەوەرییەکانی لە شۆڕشی پیرۆزی گوڵاندا بۆ گێڕاینە.

خەباتکار(ئەحمەد حەسەن خۆشکانی) لە ساڵی 1938 لە گوندی خۆشکانی سەربەدەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، کوڕی شەهیدی (حەسەن شەهین خۆشکانی) قارەمانی ناوداری بارزانییەکان و بەشداربووی داستانەکانی شۆڕشی بارزان و لە شۆڕشی دووەمی بارزان لە گەڵ کوڕی لیهاتوو(حەمۆ حەسەن) لە داستانی مەزنی ساڵی 1945 بریندارببووە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات گیانیان فیدای کوردستان کرد و هەروەها لە بەرگری کۆماری کوردستان لە مەهاباد کەخەباتکار(ئەحمەد حەسەن) لە تەمەنی منداڵی بووە دووبرای (محەمەد حەسەن وعەلی حەسەن) کە هەردووکیان قارەمان بوون ئەوانیش شەهید بوون، خەباتکار.

شایانی باسە (ئەحمەد حەسەن خوشکانی) پێشمەرگەیەکی ئازا و وەفاداری ڕێبازی بارزانی بووە، خەباتێکی زۆر و دوورو درێژی هەبووە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوو و گوڵاندا. لە16ئابی ساڵی 2018 لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشراوە، کە شانازی پێوە دەکات و لەلای گەورەترین خەڵاتە.

لە سەرەتادا خەباتکار مام (ئەحمەد حەسەن خۆشکانی) لە بارەی بوونی بە پێشمەرگەلەگەڵ بارزانی نەمردا گوتی: یادی بەخێر ئێستا ئەو ڕۆژانەم هەر لە یادە لە ساڵی 1958 کاتی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و چەندهەڤاڵی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بۆ کوردستان و دواتر بارزانیی نەمر بە سەربەزیەوە لای هەموو عێراق و کوردستانییەکان هاتە پێشوازی کردن، دواتر گەرایەوە بۆ دەڤەری بارزان و لە میرگەسۆر لە گەڵ چەند کەسێک چوومە خزمەتی ئەو ڕابەرە. زۆر خۆشحاڵ بووم بە دیداری بارزانیی نەمر شاد بووم کە ڕۆژەکی میژووی بۆمن. بارزانیی نەمر بە منی فەرموو "تۆ لەگەڵ من دەبی". بۆیە لەو ڕۆژەدا بەڵێنم بە بارزانیی نەمر دا بە مان و نەمان و لە هەموو زەروفەک لە گەڵی دابم.

دواتر لە (ئەحمەد حەسەن خوشانی) مان پرسی: پرسی خۆبەندەوت چیە بۆ شۆڕشی گوڵان ؟

مام (ئەحمەد حەسەن) گوتی: هەر لە دوایی نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ هەزاران هەزار خەڵکی کوردستان لە نزیکەکانی ئێران دابەش کردین. تەنها لەبەر ئەوەی کوردایەتی نەکەین، بەڵام توانیمان لە گەڵ ڕابەرمان شۆڕشێک دروست بکەین کە ئەویش شۆڕشی گوڵان هەمان دێژە پێدەری ئەیلوولی مەزن بوو، ئەم شۆڕشە هەر لە دەستپێکی کە بیرۆکەی باوکی کورد بارزانیی نەمر بوو کە بڕیاریدا شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی و بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لازم و زەروورە شۆڕش دەست پێبکەونەوە، کە دواتر ئەو شۆڕشە ناونرا شۆڕشی گوڵان. ئەو شۆڕشە بۆ ئەوە



پەیامنێری خەبات لەگەڵ مام (ئەحمەد حەسەن خۆشکانی)

دامەزرا کە بەرگری لە مافەکانی کوردایەتی بکات، سەرەتای ئەم شۆڕشە پەیوەندی بە کۆمەڵێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب کرا کە ئاوارە بوون لە ئێران یان کوردستانێکی ئازاد .

لە بیرەوەرییەکانی دا مام (ئەحمەد حەسەن خۆشکانی) لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەی نەمر شەهید (ئیدریس بارزانی) لە بەرپا بوونی شۆڕشی گوڵاندا دا ئەوەی دەهاتە یادی گوتی:


باس کردن لەسەر خەباتی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی بە دەیان لاپەڕە تەواو نابێت، ئیدریس بارزانی هەمیشە پیاوی ڕۆژانی تەنگانە بووە لە ئاوارەیی پاڵپشتێکی مەزن بۆ کوردەکانی ئاوارە بووە، بۆیە کاک ئیدریس بارزانی لەگەڵ برای جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پشت و پەنای ئێمە ئاوارەکان بوون هەرچی لە دەستیان دەهات بۆ کورایەتی ئامادە بوون خزمەت بکەن. لە دوایی نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ئێران شەهید ئیدریس بارزانی لە گەڵ جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد و ڕاستەوخۆش سەرپەرشتی بەشداریان لە شۆڕشی گوڵان کرد.

لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەی نەمر (ئیدریس بارزانی و سەرۆک مسعود بارزانی) لە گەڵ پێشمەرگەکان لە شۆڕشی گوڵاندا مام ئەحمەد حەسەن گوتی: کاک ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و هەرچەندە ئەوان دووبرایانە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پێکەوە خزمەتیان بە شۆڕش دەکرد و هاوکاری تەواوی باوکیان بارزانیی نەمر بوون و لە شۆڕشی گوڵانیشدا بە هەمان ئیرادەی خزمەتیان دەکرد و لە شۆڕشی گوڵان ئەوان چەند خۆشەویست و پشتی یەک بوون و هەمیشە دەیانگوت : "شۆڕشە بەردەوامە و ئێمە درێژە پێدەری ڕێبازی باروکمان بارزانیی نەمرین". هەردوو برای (ئیدریس بارزان و مسعود بارزانی) خۆشەویستی یەکتر بووت و پێکهەوە خەبات و خزمەتی شۆڕشی گوڵانیان دەکرد. لە کۆڕو کۆبوونەوە و بەرەکانی جەنگدا، هەردووکیان بە پێشمەرگەکان دەگوت: " نابی ئێمە خۆمان بێ ئومید بکەین و نابی لە ئاوارەییدا وەرمان لە دست بدەین ئەوان". بەشداری هەردووکیان لە گەڵ ئێمەدا لە بەرەکانی جەنگ، وەرەو پاڵپشتێکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگە و هەرچی ماندووبوون و برسیەتی و سەختی لە بیرمان دەچوو، لەپێشەوەی بەرەکانی شەڕ هەردوو سەرکردە فەرماندەیی سەختترین شەڕیان دەکرد و چونکە ئەوانیش وەک ئێمە بوون، بۆیە کاک ئیدریس بارزانی لەگەڵ برای جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پشت و پەنای ئێمە ئاوارەکان بوون هەرچی لە دەستیان دەهات بۆ کورایەتی ئامادە بوون خزمەت بکەن. لە دوایی نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ئێران شەهید ئیدریس بارزانی لە گەڵ جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد و ڕاستەوخۆش سەرپەرشتی بەشداریان لە شۆڕشی گوڵان کرد.

لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەی نەمر (ئیدریس بارزانی و سەرۆک مسعود بارزانی) لە گەڵ پێشمەرگەکان لە شۆڕشی گوڵاندا مام ئەحمەد حەسەن گوتی: کاک ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و هەرچەندە ئەوان دووبرایانە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پێکەوە خزمەتیان بە شۆڕش دەکرد و هاوکاری تەواوی باوکیان بارزانیی نەمر بوون و لە شۆڕشی گوڵانیشدا بە هەمان ئیرادەی خزمەتیان دەکرد و لە شۆڕشی گوڵان ئەوان چەند خۆشەویست و پشتی یەک بوون و هەمیشە دەیانگوت : "شۆڕشە بەردەوامە و ئێمە درێژە پێدەری ڕێبازی باروکمان بارزانیی نەمرین". هەردوو برای (ئیدریس بارزان و مسعود بارزانی) خۆشەویستی یەکتر بووت و پێکهەوە خەبات و خزمەتی شۆڕشی گوڵانیان دەکرد. لە کۆڕو کۆبوونەوە و بەرەکانی جەنگدا، هەردووکیان بە پێشمەرگەکان دەگوت: " نابی ئێمە خۆمان بێ ئومید بکەین و نابی لە ئاوارەییدا وەرمان لە دست بدەین ئەوان". بەشداری ژیانی منداڵکانیان لە ئەستۆ دەکرێت و هەتا منداڵەکانیان وا پەروەردە دەکرد کە گەورە دەبوون ئەوانیش دەهاتنە ناوشۆڕشی گوڵان و خەباتیان دەکرد و سەرەڕای ئەو سەختییەی کە ئافرەتان هەیان بوو و پێداویستەکانیان بۆ ئێمە پێشمەرگەکان دەنارد ناو بەڕەکانی شەڕ. بۆیە دەبێت هەرگیز ڕۆڵی پەناهەندەکان و ئافرەتان لە یاد نەکەین کە ئەوانیش بەشێک بوونە شۆڕشی گوڵان.

لە کۆتاییدا مام(ئەحمەد حەسەن خۆشکانی) بۆ یادی بەرپا بوونی شۆڕشی گوڵان گوتی: سەربەرزم لە سەر ڕێبازی بارزانیی نەمر خاوەن شەهیدم و چەندجاربەسەختی بریندار بوومە، شانازی بە پێشمەرگایەتی خۆم دەکەم و هەر خۆم بە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر دەزانم، ئەمڕۆ یادی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵان دەکەینەوە ویادی ڕۆژانی سەختی دوێنی لە پێناو ئەمڕۆ دەکەینەوە و سەربەرزین ولە یادە دەتوانم بڵێم کە ئێمە نابی خەبات و تێکۆشان و زەحمەتی بارزانیی نەمر لە یاد بکەین، شەهیدی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی وجەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەردووکیان وەک باوکیان هەمان ڕێبازیان هەڵبژارد، نابێ خەباتی پێشمەرگەکانی شۆڕشەکانی بارزان و بەرگری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕین لە یاد بکەین.

لە 43هەمین ساڵیادی گیرسانی شۆڕشی گوڵان، سەری ڕێز و نوازش بۆ شەهیدانی ڕێبازی بارزانی دادەنوێنم و هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و لە سەرووبانەوە بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.




چەتۆ مەولود سیان*

لەیادی 43 ساڵەی شۆڕشی گوڵان
شۆڕشی گوڵان خەونی دوژمنان و نەیارانی کوردی لەگۆڕنا

لەپاش پیلانی شوومی (جە زائیر) دوژمنان و نەیارانی کورد وایانزانی جارێکی تر کورد ناتوانێ شۆڕش و مقاوە مەت بەرپا بکاتەوە بەڵام بەهیمەتی شۆڕشگیران وخەباتکاران و پێشمەرگە قارەمانەکان و سەرکردە و ڕابە ری نەتەوەی کورد جەنابی (سەرۆک بارزانی) توانرا جارێکی تر ریزەکانی شۆڕش ڕێکبخرێتەوە و بەهاوکاری ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار و شاروچکەکان، توانرا جاریکی تر شۆڕش هەڵبستێتەوە و بەرەنگاربونەوە ومقاوەمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام بێت وەلەچەندین داستانی قارەمانیەتی پێشمەرگە، بۆڕۆژێمی فاشستی بەغدایان سەلماند کەئیرادەی گەل و شۆڕش وەکو کێوە سەرکەشەکانی کوردستان بەهێزە و هیچ دوژمنێکی ناپاک ناتوانێ بەرەنگاری ئەم ئیرادەبەهێزەببیتەوە.

سلاو لەپێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی گوڵان ، سلاو لەکادیران و ماندونەناسانی شۆڕشی گوڵان. سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی کورد و کوردستان و سەروەری شەهیدان باوک و ڕابەرو شکوی نیشتیمان (بارزانی نەمر)و کاک (ئیدریس)ی هەمیشەلەیاد.

* پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی گوڵان.



لە یادی شۆڕشی 26ی گوڵاندا ڕێز و نەوازش بۆ خەباتی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان

مستەفا نەبی*

ڕێزلێنان شایستەی ئەو تاک و تۆیژە چالاکانەیە کەوا هەریەکەو لە بواریکی تایبەتی خۆیدا چالاکی ئەنوێنێ و لەم ڕێگایەوە ئەتوانێ ڕەزامەندی کۆمەڵگاکە لەسەر کارەکەی بۆ خۆی دەستەبەر بکات و ببێتە جێگای ڕێزلێنانی کۆمەڵگاکەی وئەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی ئەم تۆیژانە زیاتر بڕەو بە بەهرەکانیان بدەن و چالاکتر کارەکانیان بکەن بۆ ئەوەی شیاوی ئەم ڕێزلێنانە بن کەوا پێیان ئەبەخشرێ.



ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە باسی بکەین و بیخەینەڕوو، ناز هەڵگرتن و لەبەر چاوگرتن و ڕێزلێنانە لەخەبات و ماندوو بوون و گیان فیدایی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کەوا ڕۆژانێک سوارچاکی کۆڕی خەباتی کوردایەتی بوون و لە سۆنگەی پەروەشیان بۆ خەبات و بەرخودان و پارێزگاری لە شکۆی تاکی کورد وە پێش هەر دەسپێکێک مەرگی خۆیان کردبووە دیاری و بە نەفەسێکی شۆڕشگێڕانە لاشەی خۆیان کردبووە قەڵغانێکی پتەو بۆ بەرگری لە گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان. ئەوڕێزلێنانەش پێویستە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بە لەبەرچاوگرتنی خەبات و ماندووبوونی ئەو تۆیژە تێکۆشەرە و چاوخشاندنەوەیەک بە ژیان و گوزەرانی خۆیان و خانەوادەکەیان و پشتگوێ نەخستنیان. چونکە ئەوەی تێبینی ئەکرێ تاوەکو ئێستا لە درەبڕینی ڕێزلێنان زیاتر نییە و شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە کەوا جێگای ڕەزامەندی و شانازی ئەوان و خانەوادەکانیان بێت ، بەبێ ئەوەی ئەو ڕێزلێنانە بکرێتە کردار تاوەکو پێشمەرگە دێرینەکانیش هەست بەوە بکەن کەوا ئەوانیش تۆیژێکی هەرە گرینگ و سەربەرزی لەبیر نەکراوەی نێو ئەو کۆمەڵگایەن و شانازی بەو ڕۆژە سەختانە بکەن کەوا ڕۆژانێک ئەوان بوون مێژوویان تۆمار کردووە و شەڕی مان و نەمان و دەستە و یەخەی داگیرکەرانی کوردستانیان کردووە و وەکو ڕەمزێکی زیندووی گەلەکەیان ئەمێننەوە. پێشمەرگەکانی گوڵان ڕۆژانێک بوو ئەرکێکی زۆر قورسی نیشتمانی ونەتەوەیان خستبووە سەر شانی خۆیان و کوڕی ڕۆژە سەختەکانی کۆڕی خەبات کوردایەتی بوون وە لە بارودۆخێکی هەرە سەختی ژیاندا کە بە بێ بەرگ و خواردن و خواردنەوە و ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانی ژیان وە بەخوێن و مەرگی خۆیان پارێزگاریان لە شکۆی تاکی کورد ئەکرد ، بەتایبەتی ئەو پێشمەرگە گیان لەسەر دەستانەی کەوا سااڵنیک بوو هەڵۆ ئاسا عاشق بە لووتکە چیا سەرکەشەکانی نیشتیمان ببوون وە بۆ بەرگری لە شکۆی تاکی کورد و ماف وداخوازیەکانی گەلی کوردستان لە ژێر دروشمی (یان کوردستان یان نەمان) دژی ستەمکاران و داگیرکەرانی خاکی کوردستان تێدەکۆشان و بەروسک ئاسا پەلاماری ئەو دڕندانەیان دەدا کەوا لە کێبڕکێ دا بوون بۆ سڕینەوەی مێژوو و ناسنامەی تاکی کورد.

لەڕووی وەزیفییە وە کەمتەرخەمیەکی زۆر هەیە بەرامبەر بە خەباتی پێشمەرگە و ئەو پلەو پۆستانە بە پێشمەرگە نەدراوە کەوا شایانیەتی سەرەڕای ئەوەی کەوا لەناو ئەو پێشمەرگە دێرینە قارەمانانە چەندین کەسی جوامێرو کارامە هەن کەوا خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی بەرز و توانا و بەهرەیەکی زۆریان هەیە لە مەجالە جۆراو جۆرەکانی بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگا ، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی بەختێر لەم توێژە گرینگە بداتەوە بۆ ئەوەی شانازی بەو خەبات و بەرخودانە بکات کەوا بە خوێنی خۆیان ئەمڕۆیان دروست کرد و ئێستاش هەر خۆیان ئەرکی پارێزگاری لەو ئەزموونەیان کەوتۆتە سەرشان ، هەروەها خانەوادە و منداڵەکانیان ئەبێ هەست بەوە بکەن کەوا ڕابردووی خەباتگێڕانیان ڕێزیان لێ گیراوە و ڕەنج و تێکۆشانیان لەبەر چاو گیراوە و ئێستا بۆتە جێگای شانازی بۆیان و پێی سەربەرزن. با ڕێز لە خەباتی ئەو سوارچاکانە بگرین کەوا بۆ پاراستنی گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان لە جیاتی ژیانی ژێردەستی مەرگیان هەڵبژارد.

* پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان.

بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکانی تر

حەسەن شێخانی: چەکدارانی داعشیش سوودیان لەو ناکۆکیانە بینیوە کە لە نێو وڵاتانی جیهان بوونی هەیە

مامۆستا هاورێ کەمال: پێویستە کورد سکاڵا تۆماربکات لە دادگای باڵای فیدراڵی دژ بە کارە نا دەستوورییەکانی حکومەتی خۆجێی ناشەرعیی کەرکووک

مەیادە نەجار: لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم قۆناغێکی نوێ لە تەعریبکردن دەستی پێکردووە و هەرەشەیەکی زۆر مەترسیدارە بۆ سەر ئایندەی ئەو ناوچانە

خەبات:تریفە ئازاد

ماوەی چەند ڕۆژێکە تیرۆرستانی داعش و عەرەبی هاورە لە گوندەکانی پەلکانە و کەرکووک هەڵدەکوتنە سەر دەغل و دانی هاوڵاتیانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و داوای سەرانەیان لێدەکەن و یان دەیانسوتێنن ئەمەش نیگەرانی زۆری دروست کردووە لە لای هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە و ئاماژەش بەوە دەکەن کە حوکمی عەسکەری کەرکووک هۆکاری سەرەکی ئەم ڕوودانەن و دەیانەوێت دوو بارە تەعریب کردن لەم ناوچانە سەر هەڵبدات، بە پێ یاسا ئەم جۆرە کارە نایاسایی و نادەستوورییە کە بەرامبەر خەڵکی کەرکووک ئەنجام دەدرێت.. لەسەر ئەم دیاردەیە ڕۆژنامەی خەبات لە هەفتە پەیڤێنێکدا لەگەڵ هەریەکە لە بەڕێزان حەسەن شێخانی بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی بزووتنەوەی ئیسلامی و هاورێ کەمال مامۆستای زانکۆ و دکتۆرە مەیادە نەجار ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەم شێوەی خوارەوە بیروبۆچوونی خۆیان خستەروو.

خەبات: سەبارەت بە نەرێنی بۆسەر ناوچەکە دروست کردووە. وەک دەوترێت داعش وەکو کارتێکی فشار بۆ وڵاتەکانی دیکە بەکارهێناوە، لەوانەیە وڵاتێکی زلهێز پشگیری کردبێت و وڵاتانی دەوروبەری عێراقیش سودیان لێوەرگرتبێت. "چەکدارانی داعشیش سوودیان لەو ناکۆکییانە بینیوە کە لە نێو وڵاتانی جیهان بوونی هەیە." بۆ نموونە نموونە دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بمێننەوە بۆ ئەوەی بڵێین بەرگری دەکەین بۆ ئەوی داعش نەگەڕێتەوە بۆ نێو شارەکانی عێراق بەتایبەت پارێزگا سوننەنشینەکان . لە لایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی ڕوسیا و ئەمریکا و زلهێزەکان جۆرە ڕێککەوتنێکیان کردووە کە داعش لە سوریا نەمێنێت، ئەوەشمان بە ئۆتۆمبێل بینی داعشەکانیان لە ئیدلب و حەما بارەدەکرد و بە پاسەوانی هێزەکانی سوریا و دەیانگواستنەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لەسنورەکانی نێوان سوریاو عێراق ئازاد دەکران و پێشبینی دەکرێت زۆرێک لەو داعشانە هاتبنە نێو عێراقەوە. وە ڕۆژانە داعشەکان گەشەیان کردووە و ئەندامەکانیان ڕێکخستۆتەوە و هێزەکانیان چالاکی ئەنجام دەدەن دژی هێزەکانی عێراق هەڕەشە لە هاوڵاتیان دەکەن بە پێ دانی زەکات یان دەخڵ ودانەکانیان دەستێنن .

سووتاندنی زەوییە کوشتوکاڵییەکان کارێکی نادەستووری و نایاساییە هاورێ کەمال مامۆستای زانکۆ پسپۆڕ لە یاسای دەستوری لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات

ناکۆکییانە بینیوە کە لە نێو وڵاتانی جیهان بوونی هەیە." بۆ نموونە نموونە دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بمێننەوە بۆ ئەوەی بڵێین بەرگری دەکەین بۆ ئەوی داعش نەگەڕێتەوە بۆ نێو شارەکانی عێراق بەتایبەت پارێزگا سوننەنشینەکان . لە لایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی ڕوسیا و ئەمریکا و زلهێزەکان جۆرە ڕێککەوتنێکیان کردووە کە داعش لە سوریا نەمێنێت، ئەوەشمان بە ئۆتۆمبێل بینی داعشەکانیان لە ئیدلب و حەما بارەدەکرد و بە پاسەوانی هێزەکانی سوریا و دەیانگواستنەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لەسنورەکانی نێوان سوریاو عێراق ئازاد دەکران و پێشبینی دەکرێت زۆرێک لەو داعشانە هاتبنە نێو عێراقەوە. وە ڕۆژانە داعشەکان گەشەیان کردووە و ئەندامەکانیان ڕێکخستۆتەوە و هێزەکانیان چالاکی ئەنجام دەدەن دژی هێزەکانی عێراق هەڕەشە لە هاوڵاتیان دەکەن بە پێ دانی زەکات یان دەخڵ ودانەکانیان دەستێنن .

گوتی: سەبارەت بە سیاسەتەی ئێستا لە کەرکووک ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان پەیڕەو دەکریت لە بابەتی زەویییە کوشتوکاڵییەکانی گوندە کوردییەکان بێ گومان هەمووی نادەستووری و نایاساییە، چونکە لە ئەسڵدا ئەو زەویییانە خاوەنە ڕەسەنەکانیان دژ بە بڕگەی یەکەمی مادەی 23یە کە تێیدا هاتووە مولکی تایبەت پارێزراوە و بە مەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی بێت، پێدانی ئەم زەویییانە بەو عەرەبە کۆچەرانە دژ بەم ماددەیەیە، هەروەها لێسەندنەوەی ئەو زەویییانە لە خاوەنە ڕەسەنەکانیان دژ بە بڕگەی یەکەمی مادەی 23یە کە تێیدا هاتووە مولکی تایبەت پارێزراوە و



دکتۆرە مەیادە



هاورێ کەمال



حسن شێخانی

هەرێم و گوتی: کاتێک ئێمە وەک نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەرگری لە دۆسیەی ڕووداوەکانی گوندی پەلکانەیە دەکەین پێویستە سەرەتا باس لە ڕەهەندەکان و هۆکارەکانی تەعریب بکەین کە ئێستا تەواوی گوندەکانی پارێزگای کەرکووک و ناوچە کوردستانییە کێشەلەسەرەکانی گرتۆتەوە تەنانەت دەتوانم بڵێم تەعریبکردنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لەئێستادا بەشێوەیەکی زۆربەرنامە بۆ داڕێژراو پەیرەوەدکرێت چەند ئامانجێکی هەیە و لەوانە دامالینی سیستەماتیکی خاکی ئەو ناوچانە لە خاوەنە ڕەسەنەکانیان و دابراندنیان لەخاکی کوردستان.

لێرەدا ئەگەر کەمێک ووردبینەوە پرۆسە بەشێوەیەکی زۆر گشتگیر لە ناوچە کوردستانیەکانی هەرێمی گەنم و جۆی گوند و شارۆچکەکانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەتایبەت لەپارێزگای کەرکووک هاتۆتە بەرهەم و دووربنەوە. تیرۆرستان (داعش و عەرەبە هاوردەکان) بەبەرچاو و (هەندێک جاریش) بەپاڵپشتی دەسەڵاتی عەسکەرتاری کەرکووک، دەستیان کردووە بە (خاوەن)* وەرگرتن و عەنتەریات و هەڕەشە کردن و هەڵدەکوتنە سەر ماڵ و مووڵک و پەرێزی جوتیار و گوند کوردنشینەکانی سنووری پارێزگای کەرکووک و داوای سەرانە و بەش لە دەغل و دانیان دەکەن، ئەگەرنا دەغڵ ودانیان دەسوتێنن. تاکو ئێستا ، چەندین هێکتاری بەرهەمی دەغڵ ودانی کوردیان لەو سنوورە سووتاندووە. ئەمەش بۆتە ئەگەری دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کورد لە کەرکووک. جوتیاران و کوردانی شاری کەرکووک ئاماژە بەوە دەکەن کە حکوومەتی عەسکەرتاریی کەرکووک و هاوکار؟! و دەستوپێوەندەکانی؟! هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەن. بەداخەوە ئەو حزبەکوردییەی ئێستاکە لە ژێر دۆخی عەسکەرتارییەتی کەرکووک بارەگای خۆی کردووتەوە و بانگەشە و زوڕنای ئارامی شاری کەرکووکی لێ دەدان، تاکو ئێستاکە لەئاسی ئەم دیاردە چەتەگەراییە داعش و عەرەبە هاوردەکانی کەرکووک بێ دەنگە ؟!. بەڵکو بەپێچەوانەوە، هاوکارە لەگەڵ (راکان جبووری) شۆڤینی بارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت لە ڕاییکردنی کارووبارە نایاسیی و عەسکەرتارییەکانی لە کەرکووکدا. کەواتە بۆچی گەلەیی و گازندە لە (راکان جبووری)ی بێگانە بکرێ؟!، لەکاتێکدا ئەو لایەنە حزبییە کوردییەی لە کەرکووکە، گلۆپی سەوز(کەسک)ی بۆ (راکان جبووری) هەڵکردووە لە کار و ڕەفتارە شۆڤینی و عەرەبگەرایی و نایاساییەکانی و تاکو ئێستاکە پێی نەگوتووە (پشتی چاوت دوو بڕۆیە) ؟!. بۆیە من دەڵێم (با گلەیی لە ڕاکان جبووری نەکەین)!!، چونکە دوژمنێکی بێگانەیە و هەرچی لەدەستی بێت دەیکات، بەڵکو پێویستە گلەیی لەو لایەنە کوردییە بکرێ کە ئێستاکە (جرت و فرت)یانە لەناو مۆڵگە و بارەگاکان لە کەرکووک و لافی حوکمڕانی کەرکووک لێ دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا خۆیان چەماندووە بۆ فەرمان و ڕێنماییەکانی (راکان جبووری) تەعریب کار.

لەمیژنەوە کورد گوتوویەتی: "گەر،بیور کلکی لە دار نەبێت، دار نابڕێت".

*** (خاوە):** دەستەواژەیەکی کوردییە ، بەکار هاتووە کاتێک بە عەنتەری پارە لە خەڵک وەردەگیرێ، عەرەب پێی دەڵێن: (أتاوە).

هەڕەشە لەکۆمەڵگەی کوردەواری بکات، بەبڕوای من ئەمەی ئێستا بەڕێوەدەچێت هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیدارە لە ئایندەی کۆمەڵگە

قۆناغی دوای شانزەی ئۆکتۆبەر

هەروەها مەیادە نەجار دەڵێت: لەدوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەماوەی جەنگی تیرۆرستانی داعش توانی تەواوی ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ڕزگاربکات و تەواوی ناوچەکان بۆ باوەشی نیشتیمان بگەڕێنەوە بەمەش دەکرێت بڵێن لەدوای ساڵی 2014 قۆناغێکی گرنگ لەم ناوچانە دەستی پێکرد و هەموو خێزانە کوردەکان بەزێدی باوپاپیرانیان شادبوونەوە، بەڵام بەداخەوە لەدوای ڕووداو شوومەکەی شانزەی ئۆکتۆبەری 2017 و هێرشی حەشدی شەعبی و داگیرکردنی ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم قۆناغێکی نوێ لە




دەرەوەی هەرێم لەچوارچێوەی پرۆگرامێکی دیاریکراو هەر لەناوچەی خانەقین و خورماتوو و شاری کەرکووکی دڵی کوردستان و تەواوی گوندەکانی دەوروپشتی شاری کەرکووک و دوبز و پردێ و موسڵ و شەنگار بەرێوە دەچێت، بەداخەوە لەدوای ڕووداوە نەگریسەکەی 16 ئۆکتۆبەر هەزاران خێزانی کورد لەدەست زوڵم و زۆری حەشدی شەعبی هەڵهاتوون و هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر زێدی خۆیان، لەئێستاشدا سووتاندنی ڕەزی کشتوکاڵی و دەغلودانی جوتیارانی کورد بەتایبەتی لەناوچەی پەلکانەوە وایکردووە کە تەعریب بچێتە قۆناغێکی زۆر مەترسیدار و تەعریبکردن دەستی پێکرد کە ئێستا هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگەکەمان، بەتایبەتی بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراو بەهاوکاری پاریزگاری بەزۆر سەپێنراوی کەرکووک پیلانەکان جێبەجی دەکرێت و مەترسیەکەش لەوەدایە کە حکومەتی عێراق دەیەوێت خۆی لەم هەوڵە بەدووربخات و بیخاتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی پاریزگای کەرکووک، بەداخەوە وەک پێویست سەرۆک کۆماری عێراقیش کە کوردە هیچ هەڵوێستێکی نەبووە خۆی بەدوورگرتووە، ئەمەش تارادەیەک جێگەی نائومێدییە.

چارەسەرکردن

بەبڕوای من پێویستە چەند هەنگاوێک لەخێراترین ماوەدا جێبەجی بکرێت لەوانە دارشتنی گوتارێکی نیشتیمانی کوردستانی وەک (پەیمانی کۆمەڵایەتی) لەناو هەموو هێزە سیاسییەکان لەچوارچێوەی دارشتنی پەیماننامەیەکی نیشتیمانیدا، چونکە تائێستا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری تەواو لەم پرسە دەکات .

لەلایەکی تر هەموو هەموو هەوڵەکانی چربکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی شاری کەرکووک و گەراندنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو شارەو کۆتاییهێنانی بەداگیرکردنی ئەو شارە لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە، هەروەها پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی سیاسی بەهێز لە سەر ئاستی کوردستان بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە هەمو پێشێلکاریەکانی دەستوری و ڕاگرتنی شالاوی تەعریب و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و زەوی و زاری کوردستانیان، کەدەکرێت پەرلەمانی کوردستان ئەم ڕۆلە بگێڕێت، بێگومان ئەمەش بەڕێگەیەک بۆ یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەعریب ، هەروەها مەرجیشە لەڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەموو هەوڵێک بدرێت ڕێگری کردن لە تەعریب و سزادانی تاوانباران.



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

با گلەیی لە (راکان جبووری) نەکرێ؟!

لەوەتەی گەنم و جۆی گوند و شارۆچکەکانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەتایبەت لەپارێزگای کەرکووک هاتۆتە بەرهەم و دووربنەوە. تیرۆرستان (داعش و عەرەبە هاوردەکان) بەبەرچاو و (هەندێک جاریش) بەپاڵپشتی دەسەڵاتی عەسکەرتاری کەرکووک، دەستیان کردووە بە (خاوەن)* وەرگرتن و عەنتەریات و هەڕەشە کردن و هەڵدەکوتنە سەر ماڵ و مووڵک و پەرێزی جوتیار و گوند کوردنشینەکانی سنووری پارێزگای کەرکووک و داوای سەرانە و بەش لە دەغل و دانیان دەکەن، ئەگەرنا دەغڵ ودانیان دەسوتێنن. تاکو ئێستا ، چەندین هێکتاری بەرهەمی دەغڵ ودانی کوردیان لەو سنوورە سووتاندووە. ئەمەش بۆتە ئەگەری دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کورد لە کەرکووک. جوتیاران و کوردانی شاری کەرکووک ئاماژە بەوە دەکەن کە حکوومەتی عەسکەرتاریی کەرکووک و هاوکار؟! و دەستوپێوەندەکانی؟! هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەن. بەداخەوە ئەو حزبەکوردییەی ئێستاکە لە ژێر دۆخی عەسکەرتارییەتی کەرکووک بارەگای خۆی کردووتەوە و بانگەشە و زوڕنای ئارامی شاری کەرکووکی لێ دەدان، تاکو ئێستاکە لەئاسی ئەم دیاردە چەتەگەراییە داعش و عەرەبە هاوردەکانی کەرکووک بێ دەنگە ؟!. بەڵکو بەپێچەوانەوە، هاوکارە لەگەڵ (راکان جبووری) شۆڤینی بارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت لە ڕاییکردنی کارووبارە نایاسیی و عەسکەرتارییەکانی لە کەرکووکدا. کەواتە بۆچی گەلەیی و گازندە لە (راکان جبووری)ی بێگانە بکرێ؟!، لەکاتێکدا ئەو لایەنە حزبییە کوردییەی لە کەرکووکە، گلۆپی سەوز(کەسک)ی بۆ (راکان جبووری) هەڵکردووە لە کار و ڕەفتارە شۆڤینی و عەرەبگەرایی و نایاساییەکانی و تاکو ئێستاکە پێی نەگوتووە (پشتی چاوت دوو بڕۆیە) ؟!. بۆیە من دەڵێم (با گلەیی لە ڕاکان جبووری نەکەین)!!، چونکە دوژمنێکی بێگانەیە و هەرچی لەدەستی بێت دەیکات، بەڵکو پێویستە گلەیی لەو لایەنە کوردییە بکرێ کە ئێستاکە (جرت و فرت)یانە لەناو مۆڵگە و بارەگاکان لە کەرکووک و لافی حوکمڕانی کەرکووک لێ دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا خۆیان چەماندووە بۆ فەرمان و ڕێنماییەکانی (راکان جبووری) تەعریب کار.

لەمیژنەوە کورد گوتوویەتی: "گەر،بیور کلکی لە دار نەبێت، دار نابڕێت".

*** (خاوە):** دەستەواژەیەکی کوردییە ، بەکار هاتووە کاتێک بە عەنتەری پارە لە خەڵک وەردەگیرێ، عەرەب پێی دەڵێن: (أتاوە).

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای نۆبلی تایبەت بەناوی ئاشتی خلیل طە وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی زانکۆی صلاح الدین کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کارەبا بەناوی ایڤان طارق اکرم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : ابراهيم خلف شيبو

قدم السيد / قاسم ابراهيم خلف شيبو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

***

فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە

ژمارە: ٢٢٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦

ئاگاداری

بۆ (خلود بهجت شمعون) پاش ئەوەی دەرکەوت کە شوێنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (قصیل روستم) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٣ کە تیبادا ئامانجە بەوە دەکرێت کە جێگات نادیارە بۆیە بریاردرا بەئاگادارکردنەوەتان لەدوو رۆژنامەی رۆژانەی بۆ ئاگاداربوون بەو هۆشداریەی کە بەریزت (نجدت عبدالصمد علی) ئاراستەی کردووین بەژمارەی ٢١٢/٦٨ لە ٢٠١٩/٥/٢٣ لە فەرمانگەکەمان دەرچووە، بۆیە لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە. دادنووسی یەکەمی عەنکاوە/ ڤیان صائب محمد

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی هەولێری پزیشکی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ئاگاداری کەمکردنەوە

ژمارە (٨)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (کڕینی ئامێر و پێداویستی نۆرینگ فیزگاریەکانی کۆلێژی پزیشکی دەدان)ای سەر بەزانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینای عیراقیە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کڕێی باڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لەرۆژی باڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەنەدرەکان ماوەی ١٥ رۆژ دوای باڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر ١٠ی بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەشکردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بەچەکی باوەڕ پێکراو یاخود (خطاب الضمان) لە بانکێکی حکومی کە مەرجدار نەبێت و (غیر قابل للنقص) بێت وە ئاراستەکراو بێت بۆ زانکۆکەمان بۆ ماوەی ٢٨ بیست و هەشت رۆژ بێت.

٤- ماوەی پرۆژە (٦٠) شەست رۆژی تقو یمیە .

٥- سزای دواکەوتنی رۆژانە لە جێبەجێکردنی کارەکە بریتیە لە ڕێژەی (٠,٥٪) لە گوژمەی پرۆژەکە.

٦- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)

٧- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.

٨- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەبواری ئامێرو کەل و پەلی پزیشکی.

٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.

١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرکردنی نووسراوی سپاردنی کارەکە.

١١- ماوەی بەسەر چوونی تەندەر (٩٠) رۆژی تەقویمیە لە بەرواری داخستنی تەندەر.

١٢- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٣- گەراندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناو و مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٢٥٣٦/ب/٢٠١٨/٢

رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو: دیار مقصود محمود

داواکار (رشا عگلە صالح) داوای ژمارەی ٢٥٣٦/ب/٢٠١٨/٢ لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە دانی بری پارەی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی لە کۆی (١٤٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و چل ملیۆن دیناری عیراقی وەك قەرەبووی مادی و ادبی بۆ داواکار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی شادی یەك و دوو لە ٢٠١٩/٤/٤ بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاسایێتان لەدادبینی رۆژی ٢٠١٩/٦/١٨ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای موادی کەسی عەنکاوە

ژمارە: ٤/م/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦

جاردان

بۆ داوالێکراو: نزار نعوم حنا شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (رواء جورج شابو) داوای ژمارە ٤/م/٢٠١٩ لەسەرت تۆماکردبوو داوای پژچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان دەکات، وە ئەم دادگایە لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکرد بەپەسندکردنی پووچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان لەکەنیسە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری شارۆچکەی عنکاوە، بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بەبریارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە، بۆت هەیە خۆت یان بریکارداڕت لەماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نهاد صباح الدين علی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/دەشتی هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢/انابە/٢٠١٩

رێکەوت/٢٠١٩/٥/٢٢

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دەشتی هەولێر هەولێر مولکی ژمارە ١/٥١ ك ١٤١ همزە کۆر کە کەوتوتە همزە کۆر دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار مصطفی عبدالکریم حسن کە گلدانەوەی خراوتەوە سەر لەجیاتی قەرزی اری عمر رمضان بەبڕی/ ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئاوەزوومەند ١٥ پازدە رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عیراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / پێشڕەو فریق باوەمەردەی

١ – ئۆێن و ژمارەی/ ١/٥١ ك ١٤١ همزە کۆر

٢ – رەگەزو جۆری/ زەوی کشتوکالی

٣ – سنوورو ئاگاداری/ لەتۆماری هەمیشەیی هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی کشتوکالی لەگەڵ بیری ئیرتوازی دوو هۆزل ناڕەلی تێدا دروستکراوە لەگەڵ خانوویەك پێنك دێ لە دوو ژوورو هۆزل و حەم و مرافق لەگەڵ حەوزێکی ماسی.

٥ – ڕووبەرەکەی/٤٨,٩٦٩,٤٠٠ دۆنم

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ١٦٥,١٩٦,٤٠٠ سەدو شەست و پێنج ملیون و سەدو نۆهەت و شەش هەزار و چوار سەد دینار.

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ٦١٩ /ش/٢٠١٩

رێکەفت/٢٦ /٢٠١٩/٥

راگەهاندن

بو/داوالێکری (جکدار خورشید صالح) ل دیف داخازیا داواکار (هلات اکرم یوسف) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تفریق للهجر) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (تاخێ بروشکی) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/٦/١٠ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ٦٣٩ /ش/٢٠١٩

رێکەفت/٢٦ /٢٠١٩/٥

راگەهاندن

بو/داوالێکری (سامی نوری حسین) ل دیف داخازیا داواکار (ژیان جهور عبدی) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تفریق قبل الدخول) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (کوندی بیسری) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/٦/١٢ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

سەروکاتیا باژێرڤانییا شێخان

روپێڤان

ژمارە: ٥٧١/٣٣٨/٣٩/٣٩

رێکەفت: ٢٠١٩/٥/٢٦

ئاگەهداری

نڤیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ/ بەشێ نەخشێن بنیاتی و روپێڤان/ یا ژمارە (٤٥٢٥) ل ٢٠١٩/٥/٢٢ ئەوا ئامازە دایە نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئەڤەدانێ ل پارێزگەها دهوك یا ژمارە ١٤١٦ ل ٢٠١٩/٥/٢٢ سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان ئاگەهدار دکەت سەبارەت راگەهاندنا نەخشێ ژمارە ٣٣٩أ ژبەر کو بەشەك ژ دەڤەرا نشتەجێ کو (پارچێن نشتەجی و قوتابخانە) کو دکەڤیتە دولەکا کیردا و نە دشیاندایە بهێنە ئاڤاکرن و دماوێ یاسایی ٣٠ سیو روژا لپەی نەخشێ روونکری یێ هاتیە ئامەدکرن ژلایێ رێڤەبەریا ناڤبری و ئەوێ نەرازیبوون لسەر هەبیت بهێتە سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان لدیف ماوەیا یاسایی و ئەگەر نە دێ نەخشە هێتە پەسندکرن هیڤیدارین بهێتە ئاگەهدارکرن لی روژنامە هەودا.

ئەندازیار/ خالد نرمو زیدو

سەروکێ باژێرڤانیا شێخان

***

دادگای باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٢٣٦/ش/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٨/٥/١٤

ئاگاداری

بۆ/ داوالێکراو/ احمد رشت رشید/ جهێ ئاکنجی بوونێ نەیارە

داواکار (بان شاکر محمود) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازێ تێدا دکەت قەرەبوکردنەوەی تەلاقی رەمەکی (تعویض عن الطلاق التعسفی) و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیارە ل دویف ئاگاداریا هەلبژیرە و دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ - کومەلگەها ئەڤروستی بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تەبێتە کرن ل دوو رۆژنامەیین روژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ٢٠١٩/٦/١٠ سپێدەیا روژا دەمژمێر ١٠ ل بەروڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا بە نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتە کرن..

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٦٩٨/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٦

راگەهاندن

بریار هاتە دان بە فروتنا ترۆمبێلا ژمارە (٨٢٨٨٤ / دهوك تایبەت) جۆرێ/ ئودی Q٧ ستیشن) مودێل (٢٠١١) رەنگ (سپی) ئەوا تومارکری بناڤێ قەردار (هەلکەفت رشید سعید) هەر کەسێ بڤێت بکریت بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە:١٢٩/ج/٢٠١٩/٣

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢١

بۆ تۆمەتبارێن رەڤی (١- طیفون جلال طاهر ٢- بهزاد عبدالجبار احمد ٣- هارون عبدالجبار احمد ٤- محمد عبدالجبار احمد)

ئاگەهدارکرن

هێن د بەر تاوانکرینە د کێشا ژمارە (١٢٩/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل رێڤەبەریا ئاسایشا پارێزگەها دهوکێ لسەر مادەیێ (٤٥٣) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا هەوە بریار هاتە دان هێن بهێنینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/٧/٧ بەروڤاژی دادگەریا هەوە پاشملە (غیابیا) هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێن. دادوەر/ انس فریق مسکین

***

دادگای کەتنی دهوك

ژمارە: ٦٣٥/ج/٢٠١٩/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٥

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (شفان انور عیسی) ڤێ دادگەهێ بریاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٢) دوو سالا ل سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (٦٣٥/ ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن داسنیا ژمارە ٢٠١٨/٣٨٩ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ میژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ جهێ بریارا ئامادەبوونێ گریت.

دادوەر/ عصمت کولیك اسماعیل

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو

ژمارە: ١٢٧/ج/٢٠١٩

رێکەفتی: ٢٠١٩/٥/١٩

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (عادل احمد یونس) ڤێ دادگەهێ بریارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ یازدە سالان ل دویڤ مادەیێ (٤٧/٢٨٩ ، ٤٨ ، ٤٩) ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە (١٢٧/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب ژمارە ٢٠١٧/١١٩ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/٧/٧ بەروڤاژی دادگەریا هەوە پاشملە (غیابیا) هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێن. دادوەر/ انس فریق مسکین

***

دادگای کەتنی دهوك

ژمارە:١٢٩/ج/٢٠١٩/٣

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢١

بۆ تۆمەتبارێن رەڤی (١- طیفون جلال طاهر ٢- بهزاد عبدالجبار احمد ٣- هارون عبدالجبار احمد ٤- محمد عبدالجبار احمد)

ئاگەهدارکرن

هێن د بەر تاوانکرینە د کێشا ژمارە (١٢٩/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل رێڤەبەریا ئاسایشا پارێزگەها دهوکێ لسەر مادەیێ (٤٥٣) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (کوندی بیسری) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/٦/١٢ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ انس فریق مسکین

***

دادگای کەتنی دهوك

ژمارە: ٦٣٥/ج/٢٠١٩/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٥

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (شفان انور عیسی) ڤێ دادگەهێ بریاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٢) دوو سالا ل سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (٦٣٥/ ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن داسنیا ژمارە ٢٠١٨/٣٨٩ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نارەزایی (أعتراض) وە تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سرور انور قادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (سەرگوڵ علی مصطفی) داوای ژمارە (٢٣٤٩/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق بسبب هجر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی فەرمانبەران) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەممەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٧, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:٢٢٩٣/ش/٢٠١٩/٣

رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٦

جارِدان

بۆ داوالێکراو (نوال نوزاد محمد)، شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (صبیحە محمد امین عبدالله) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٢٢٩٣/ش٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (تثبیت الحضانة) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر-گەرەکی شارەوانی) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٤) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٧٩٠/ب/٢٠١٩/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (کمال حمید احمد)

داواکار (بشیر حاجی ابراهیم) داوای ژمارە (٧٩٠/ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (کمال حمید احمد) ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٥/٢١ بریاری دا بەپابەندکردنت بەدانی برە پارەی ($١٣٠٠٠٠) سەدو سی هەزار دۆلار یان بەدیناری عیراقی برە پارەکە دەکاتە (١٥٦٠٠٠٠٠٠) سەدو پەنجاو شەش ملیون دینار، وە خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی صلاح الدین لە ٢٠١٩/٤/٤ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ ممەبەستی پێراگەیاندنت وە مافی نارەزایی (أعتراض) وە تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ غازی خلیل شنگالی

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/ دوو

***

دادگای کەتنی دهوك

ژمارە:١٢٩/ج/٢٠١٩/٣

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢١

بۆ تۆمەتبارێن رەڤی (١- طیفون جلال طاهر ٢- بهزاد عبدالجبار احمد ٣- هارون عبدالجبار احمد ٤- محمد عبدالجبار احمد)

ئاگەهدارکرن

هێن د بەر تاوانکرینە د کێشا ژمارە (١٢٩/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل رێڤەبەریا ئاسایشا پارێزگەها دهوکێ لسەر مادەیێ (٤٥٣) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (کوندی بیسری) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/٦/١٢ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ انس فریق مسکین

***

دادگای کەتنی دهوك

ژمارە: ٦٣٥/ج/٢٠١٩/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٥

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (شفان انور عیسی) ڤێ دادگەهێ بریاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٢) دوو سالا ل سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (٦٣٥/ ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن داسنیا ژمارە ٢٠١٨/٣٨٩ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نارەزایی (أعتراض) وە تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ غازی خلیل شنگالی

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/ دوو

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٢٣٤٩/ش/٢٠١٩/٤

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سرور انور قادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (سەرگوڵ علی مصطفی) داوای ژمارە (٢٣٤٩/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق بسبب هجر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی فەرمانبەران) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەممەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٧, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:٢٢٩٣/ش/٢٠١٩/٣

رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٦

جارِدان

بۆ/ داوالێکراو (نوال نوزاد محمد)، شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (صبیحە محمد امین عبدالله) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٢٢٩٣/ش٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (تثبیت الحضانة) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر-گەرەکی شارەوانی) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ ممەبەستی پێراگەیاندنت وە مافی نارەزایی (أعتراض) وە تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٣٩٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (پەلتین) بۆ (بازرگانی گشتی و کرین و فرۆشتنی خانووبەرە/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٠/ ٧٧١٦

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢٣

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێندراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمینی رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٣/٧٠٢١ ك ٧٦ کونەگورك رووبەر/ ٧١م٢ جۆری بەکارهێنانی/ فڕنی ئۆتۆماتیك ماوەی بەکرێدانی/ ٥ ساڵ

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٠/ ٧٥٥٥

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢١

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێندراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمینی رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٣٢/٦٢٥٥ ك ٤٤ وارش رووبەر/ ١٥٠م٢ جۆری بەکارهێنانی/ دوکان ماوەی بەکرێدانی/ ١٥ ساڵ

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

Job Details	
Position Title	**Trainee Truck Loading Operator**
Direct Supervisor	Process Supervisor
Reports to	LPG/LNG Truck Loading Foreman
Department	Operations
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: TTLO/Ops/June/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Ensures that all loading operations are carried out in compliance with the company operating procedures. Follows instructions from the LPG/LNG truck Loading Foreman and Loaders, Plant Supervisor and Control Room Operators and provides accurate and timely information. Promotes good working relationships with internal and external resources.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Interacts with the loading team ensuring all requirements are met for the loading of LPG / NGL.
2. Participates in monthly safety meetings, toolbox talks, incident and near miss reporting and 2nd Step Cards to develop and promotes a safe working culture.
3. Assists in the preparation of loading dockets in correlation with weighed trucks, issue to truck drivers and MNR representative.
4. Recognizes and reports safety hazards during loading in NGL and LPG loading areas.
5. Ensures full compliance of all applicable Safety Procedures.
6. Assists with major maintenance of all load out facilities including services and buildings and associated load out process equipment.
7. Any other relevant tasks as directed by Truck Loading Foreman.

Reporting and Communication

8. Reports to the LPG/LNG Truck Loading Foreman on all issues relating to own work.
9. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position

10. Participates in Competency Assessment process to support development of job knowledge.
11. Continues to develop own professional expertise through optimizing on-the-job training and experiential opportunities.

Working and Other Reporting Relationships

LPG/LNG Truck Loading Foreman/Loaders	Frequent/daily
Truck Drivers / Truck Company Representative	Occasional as required
Control Room Operators	Occasional as required.

Supervisory Responsibility

Directs Truck Drivers as necessary.

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

General educational qualification.

Minimum Professional Experience Required

Experienced in the handling and loading of LPG/LNG or working in a hydrocarbon environment is desirable but not essential

Special Requirements and Conditions

Motor vehicle license for Kurdistan is essential

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good communication skills in English • Commitment to continuous learning • Ability to meet deadlines	• Very good team player • Ability to demonstrate honesty, and confidentiality • Alertness and attention to details	• Basic understanding of oil and gas operations. • HSE awareness • Basic computer skills in Microsoft Office for purposes of reporting and data collection

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 08 June 2019

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 05th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Trainee Truck Loading Operator: Ref: (TTLO/Ops/June/19)

Job Details	
Position Title	**Trainee Process Operator**
Direct Supervisor	Operations Superintendent
Reports to	Lead Operator and Plant Supervisor
Department	Operations
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: TPO/Ops/June/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Gains operating knowledge of the operations functions. Enhances knowledge in all aspects and facets of the plant operations. Reports to the Lead Operator and Plant Supervisor.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Ensures compliance with Permit to Work and HSE Regulations and Procedures.
2. Monitors equipment functioning, observes temperature, level and flow gauges. Performs regular unit checks in order to ensure that all equipment is operating as it should.
3. Assists in the recording and review of operations records, test results and gauge readings such as temperatures, pressures, concentrations, and flows.
4. Assists production personnel and undertake tasks as supervised.
5. Works with operator to Identify abnormalities in process parameters, reports and makes corrective action.
6. Works closely with the operators to perform safe isolation/ purging of equipment as per procedure.

Reporting and Communication

7. Reports to the Lead Operator and Plant Supervisor on all issues relating to own work.
8. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position

9. Continues to develop own professional expertise through optimizing on-the-job training and experiential opportunities.

Working and Other Reporting Relationships

Lead Operator	Frequent/daily
Process Supervisor	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Ideally a Technical trade background or previous experience in a hydrocarbon facility would be suitable but not essential

Minimum Professional Experience Required

Ideally a similar working experience in operations, preferably from the Oil & Gas sector

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Organizational and planning skills • Good communication skills in English and Kurdish • Commitment to continuous learning • Ability to meet deadlines	• Very good team player • Ability to demonstrate honesty, and confidentiality • Alertness and attention to details • Able to work well within a multi-cultural environment	• Knowledge of HSE aspects and requirements • Basic computer skills • Equipment Maintenance ability

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 08 June 2019

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 05th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Trainee Process Operator: Ref: (TPO/Ops/June/19)

داهاتووی ئیسلامی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە





ئاکۆ سەباح مەولود *

دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی میژوویەکی زۆر کۆنی نیە لە جیهان بەگشتی و هەروەها لەو ولاتانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، کە ئەمیش میژووەکەی ئەگەڕێتەوە دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانیەکان، ئەوەبوو چەندین گرووپی ئیسلامی دروست بوون بە نەفەسی ئەوەی دووبارە دەسەلاتی ئیسلام بهێنەوە ناو جوومگەکانی دەوڵەتەوە کە هەندێکیان لەو هەوڵانە سەرکەوتووبوون و هەندێکیشان شکستی هێناو بە لە ناوچوونیان کۆتاییان پێهات.

ئەگەر سەیری عێراقیش بکەین ئەبینین کە ئەمیش بێ بەش نەبوە لەو تەوژمە بلاوەی کە چەندین ولاتی تری موسڵماننشینی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە ناو شیعە مەزهەبەکاندا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەمیش بە پێی لێدوانەکانی خۆیان هەموویان خاوەنی یەک بەرنامە و ئامانجن بەڵام بە چەندین بیر و ئایدۆلۆژیای جیاواز دابەزیون، ئەمە جگە لە ڕەتکردنەوەی هەریەکێکیان بۆ ئەوی تر، یان بەکارهێنانی سیاسەتێکی هەڵە و یاخود بەکارنەهێنانی دەقەکان لە کاتی خۆیدا ، وەک ئەوەی کە لە میسر ڕوویدا دوای ڕووخانی دەسەلاتی حوسنی موبارەک و هاتنە سەر حوکمی ئیخوانەکانەوە بە ڕێگایەکی شەرعی و یاسایی بەڵام کاتێکی زۆری پێویست نەبوو بۆ کۆتایی هاتن بەخۆری حوکمڕانیان، بۆیە ستراتیژیەتی نیشکردن لە ناو ئیسلامی سیاسی زۆر جار نیگەرانی لە ناو لایەنگرانی خودی حیزبەکەش دروست کردوە، وەکو ئەوەی لە ماوەی ڕابردوو بینیمان وازهێنانی بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و خاوەنی بەشێک لە پلە و پۆستی سیاسی ناو یەکێک لەحزبە ئیسلامیەکانی هەرێمی کوردستان، کە ئەمە زەنگێکی تری ئاگادارکردنەوەیە بۆ دووبارە دارشتنەوەی هەموو ئەو پلان و پڕۆگرامانەی کە لە ڕابردوودا لە سەری ڕۆشتوون ، بۆیە گەر سەیر بکەین لە دوای 15 ساڵ لە دروست بوونی بەشێک لە حیزبە ئیسلامیەکان نەیانتوانیوە هیچ بەرەوە پێش چونێک لە پرۆسەی سیاسی بکەن لەبەر ململانێی مەزهەب گەری و جیاوازی ئایدۆلۆژیای نێوانیان، جگە لەوە بەشێکیان بوونەتە فاکتەری سەرەکی گەندەڵی ئیداری و خنکاندنی بیرو ڕای ئازاد کە ئەمە بۆتە هۆی دروست کردنی دووڕکەوتنەوەیەکی زۆر لە نێوان لایەنگران و ئەو کەسانەی کە بە دەنگی ئەوان هاتوونەتە پەرلەمان و حوکومەت، کە میکانیزمی ئیشکردنیان زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو ئومێدەی کە پێش هەڵبژاردنەکان دەیدەن بە لایەنگرانیان، بۆیە ئەگەر سەیربکەین ڕێژەی گەندەڵی و فەسادی ئیداری کە لە پێشەوە باسمان کرد گەیشتۆتە ئاستێکی ڕێژەیی بەرز لە ناو ئەو حیزبانەی کە ئیسلام بە بنچینەی پەیرەو و پڕۆگرامی خۆیان ئەزانن، بەداخەوە لە دوای ساڵی 2003 ئەو جلەی کە حیزبە ئیسلامییەکان بە بەر ی خۆیاندا کرد هیچ گۆرانکارییەکی دروست نەکرد لە ناو حکومەت و پەرلەمان بەڵکو بەرەو خراپتری برد بۆیە هەموو حیزبە ئیسلامییەکان کە بەشێکن لە پێکهاتەی حکومەت لە عێراق و هەرێم دەبێت درک بەر و ڕاستیە بکەن و ئەگەر بیانەوێت تەمەنێکی درێژتری سیاسی و دەسەلاتیان هەبێت دەبێت بە بەرگێکی تازەو نوێوە بەرەو ڕووی سیاسەت و جومگەکانی دەوڵەت بینەوە، چونکە هەڵە تێگەشتن لە سیاسەتێک کە لە ناو ئیسلامدا هەیە بەرەو ئاقارێکی تاریک و ڕووبەڕووی لە ناوچوون ئەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی خەڵک لە ئێستادا زۆر بیر فراوانتر و چاو کراوەترە بە بەرامبەر لەگەڵ نیو سەدەی پێشوو، سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتییەی کە گەلی عێراق چێشتوویەتی بە دەست دەسەلاتدارانی بەعس و ڕژێمە یەک لەدوایەکەکان، بۆیە دووبارە کردنەوەی ئەو تەجروبانە لە قالبێکی تری سیاسی داهاتوویەکی ڕوون چاوەڕوانی ئیسلامی سیاسی ناکات لە عێراق و ناوچەکە.

×سەرۆکی بەشی یاسای زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک

پێشبینی دەکرێت ژمارەیەکی زۆری هاوواڵتیان بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا نەکەن



ئا: خالید گەردی

وا بڕیارە لە ڕۆژانی (23تا 26) مانگی ئایاری ئەمساڵ بە بەشداری زیاتر لە (400) ملیۆن دەنگدەر هەڵبژاردنی دەستەی نوێی پەرلەمانی ئەوروپا لە (28) وڵاتی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا بەڕێوە بچێت.

پەرلەمانی ئەوروپا کە لە (753) ئەندام پێک دێت، ئەرکی سەرەکیی پەرلەمانەکە دارشتنی بڕیار و جێبەجێ کردنە، بەڵام وەک دیارە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارە نەبۆتە مایەی بایەخ پێدانی هاووڵاتیانی ئەوروپا هەندێ پێیان وایە وەک ساڵی (2014) ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر بەشداری لە دەنگدانەکان ناکەن. هەندێ شارەزایانی سیاسی پێیان وایە هەڵبژاردنەکە لەسەر ئاستی نیشتیمانی هەڵێکە بۆ سزادانی حزبی دەسەلاتدار لە نێو ولاتەکەیاندا، بە واتایەکی دیکە بەشداری نەکردنی هاووڵاتیان تیایدا وەک سزادانی دەسەلاتی نیشتیمانی وایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕاپرسییەی کە تۆڕی "تسی دی ئیف" ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە ڕێژەی (56%)ی سەرۆک وڵات و حکومەتەکان بۆ ئەو کاندیدانەی کە قەوارە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان هەڵی بژاردوون، بەتایبەتیش لەولاتی فەرەنسا ئیتالیا و ئیسپانیا ، بەمەش دەنگدان دەبێتە دەرفەتێک بۆ سزادانیان لە لایەن دەنگدەرانەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕاستڕەوە نەتەوەیی خوازو ئەوانەش کە گومانیان لە سوودو قازانجی یەکێتییەکە هەیە، لەگەڵ جەماوەرخوازانی دژ بە ڕژێمە سیاسییەکانیان هیواخوازان ئەگەر ئاکامێکی باشتریش لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بەدەست نەهێنن ئەوا بەلای کەمەوە پاریزگاری لە هەمان ئاکامی پێشوویان بکەن، پێشبینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن (173) ئەندام لەژێر ئالای ئەو کۆمەڵانە سەرکەوتن بەدەست بێنن. بەڵام ڕەنگە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی داهاتیان بێتە بەربەست لەبەدی هێنانی هیواکانیان، وەک ئاشکرابوونی کێشەیەکی لەمجۆرە بووە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی هاینز کریستیانی ڕاوێژکاری نەمسا کە ئەندامی حزبی ئازادی نەمسا بوو کە حزبێکی ڕاستڕەوی نەتەوەییە.

هەندێ پێشبینی دەکەن ئەلمانییەکان ئەمساڵ گرنگیی بەو هەڵبژاردنە دەدەن، لە کاتێکدا ڕێژەی بەشداری ئەلمانەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی (2014) تەنیا (48%) بوو.

ڕەنگە هۆکاری کەمتر بایەخدانی هاووڵاتیان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سەرۆکی لیستەکان لە نێو هاووڵاتیاندا کەسانی نەناسراون، ئەمە جگە لە دڵایەتی کردنی ئاشکرای دەنگدانەکە بێبێتە مایەی کۆتایی هێنان بەدەستبالآیی دوو قەوارە سیاسییە گەورەکە "حزبی شەعبی ئەوروپی" ڕاستڕەو چەپڕەوەکان، ڕاپرسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەردوو قەوارەکە بەلای کەمەوە (30) کورسی لەو هەڵبژاردنە لەدەست دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک دوو قەوارەی سەرەکیی بڕیار دان دەمێننەوە.

وا بڕیارێشە لوتکەی سەرانی یەکێتی ئەوروپا لە (28)ی مانگی ئایار واتە دوو ڕۆژ لە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان بۆ دەستنیشان کردنی سەرۆکایەتی پێنج دەستەکە،"کۆمسیۆنی ئەوروپا، ئەنجوومەنی ئەوروپا، پەرلەمانی ئەوروپا، ئیدارەی دبلۆماسی، بانکی ناوەندی ئەوروپا" بەڕێوە بچێت، بەڵام ڕەنگە ناکۆکییەکانی نێوان ئەنگیلا میرکلی ڕاوێژکاری ئەلمانیا و ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا پرۆسەی دەستنیشانکردنی سەرۆکایەتییەکان سەخت بکات، کە میرکل پشتیوانی لە مانفرید فیبری کاندیدی حزبی شەعبی ئەوروپی دەکان بۆ سەرۆکایەتی کۆمسیۆنی ئەوروپا، بەڵام ماکرۆن دژایەتی دەکات.

سەرچاوە: فرانس 24

ئەمڕۆ لە مێژوودا




ساڵی 1918:
ئەفغانستان سەربەخۆیی لە شانشینی یەکگرتوو ڕاگەیاند .



ساڵی 1955:
لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەریتانیا ، پارتی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی ئەنتۆنی ئیدن زۆرینەی دەنگی وەدەست هێنا .



ساڵی 1960:
سوپای تورکیا کۆتایی بە دەسەلاتی حکومەتی مەحمود جەلال بایار هێنا .



ساڵی 1995:
لە دوورگەی ساخالینی ڕووسیا بوومەلەرزەیەک ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی نزیکەی 2500 کەس .



ساڵی 2004:
لەسەر داوای ئەمەریکا ، پۆلیسی بەریتانیا ئەبو حەمزەی میسری دەستگیر کرد .



ساڵی 2015:
نیراسکا وەک 10ەمین ویلایەتی ئەمەریکا سزای لەسێدارەدانی نەهێشت .

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/5/27 ژمارە (5758)
خەبات

ئەو پوتنەی من دەیناسم !



فرانز سدلمایەر *

سەرۆک ڤلادیمیر پوتن ساڵی نوێی بە دەستگیرکردنی گەشتیارێکی ئەمەریکی دەست پێکرد ، دەستگیرکراوەکە ناوی پۆل ویلانە و بە تۆمەتی سیخوڕیکردن دەستگیر کرا . ویلان ئەو کاتە بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری رووی کردبووە مۆسکۆ ، بەڵام پوتن ویستی کەسێکی بکەوێتە دەست بۆ ئەوەی دواتر بە ئافرەتێکی رووسی ئاڵوگۆڕی پێ بکات کە لە کرملینەوە نزیک بوو ، ئەو ناوی ماریا پوتینایە و بە تۆمەتی دروستکردنی هێڵی پەیوەندی نافەرمی لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی ئەمەریکی دەستگیر کراوە .

ڤۆلۆدیای زیرەک

بێگومان پوتن ئەمەی کردووە ، چونکە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەیناسم ، بەو پێیەی یەکێک بووم لە خاوەن کارەکان لە سانت بترسبۆرگ ، بۆیە دەیان کاتژمێرم لەگەڵ ڤۆلۆدیا (ئەو کاتانە بەم ناوە دەناسرا) بەسەر بردووە ، ئەو کاتە ئەو جێگری سەرۆکی شارەوانی بوو . من و ڤۆلۆدیا لە بارەگای کارەکانم لە دوورگەی ستۆن ئایلاند دادەنیشتین و لە زۆربەی حالەتەکاندا بە زمانی ئەڵمانی قسەمان دەکرد ، چونکە ئەو حەزی بەمە دەکرد و زمانەکەشی بەتەواوی دەزانی . ئێستر لەگەڵ خواردنەوەی بیرە و خواردنی باڤاری دەکەوتینە قسە و گفتوگۆکردن .ئەو کاتە گەیشتمە ئەو راستیەی کە ڤۆلۆدیا عاقلانە هەڵسوکەوت دەکات و لە بارەی بایەخدانیش بە کاروباری سانت پترسبۆرگیش وەک کەسێکی راستگۆ دەهاتە بەرچاو . ئەو رازی نەبوو بەرتیل وەرگرێ ، بەڵام چاوپۆشی لەوانە دەکرد کە وەریانەدگرت . هەر خۆشی ئەو کاغەزانەی واژۆ کرد کە تایبەت بوون بە تۆمارکردنی کۆمپانیایەکی تایبەت بە خۆم ، دواتر بەخۆی کۆمپانیاکەی تۆمار کرد . لەو ماوەیەدا ڕێنمایی زۆری کردم و یارمەتی دام لە فراوانکردنی کارە بازرگانیەکانم . لەسەر داوای ئەویش یەکەم تیمی دەستوەردانی خێرای سەر بە دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەتم لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی بونیاد نا .

یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا و چەند بابەتێکی تر

لە میانی گفتوگۆکانی ساڵی 1992ی نێوانمان ، تێگەیشتم کە پوتن پێی وایە هۆکاری سەرەکی دارمانی سۆڤیەت سیستەمی سۆسیالیستی بوو نەوەک ڕۆژئاوا .کاتێکیش دەربارەی ئەڵمانیای ولاتی من قسەمان دەکرد ، ئەو لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا کارێکە و دەبێ بکرێ . پاش ئەوەش کە لە ساڵی 2000 بوو بە سەرۆکی ڕووسیا ، بەبەردەوام سەبارەت بە شکستە سیاسی و ئابووریەکانی ڕووسیا بەڕێوبەرایەتی مۆلکی سەرۆکایەتی لە یەکێتی ڕووسیا ، کە کەم کەس شتی لەبارەوە دەزانن . بودجەی ئەم ئیدارەیە چەندین ملیار ڕۆبلە و بۆ دڵسۆزانی کرێملین و جێبەجێکردنی چەندین پڕۆگرامی نەهێنی تەرخان کراوە .

سنوور هیچ بەهایەکی نییە

بێگومان لە سایەی ئەو پوتنەی من دەیناسم ، سەرجەم دەزگا هەواڵگریەکانی ڕووسیا هەوڵی قۆزتنەوەی زانیاریە هەڵەکان و بڵاوکردنەوەی درۆی جۆراوجۆر دەدەن لە دژی ئەمەریکا ، هەروەها هێرشی زیاتر دەکەنە سەر بەرهەڵستکاران و خەڵکی زیاتری نیشتەجێی ڕۆژئاوا تیرۆر دەکەن . چونکە سەبارەت بەو پوتنەی ئێستا دەیناسم سنوور هیچ بەهایەکی نیە .

ئەو هەست بە ترس دەکات

دوو مانگ لەمەوبەر ، ڤۆلۆدیا هەوڵی دا خزمایەتی بکات بە بنەمایەکی سەرەکی لە ئینتەرپۆل، بەڵام شکستی هێنا ، ئەو دەیویست پڵیسیش بکات بە پیاوە تایبەتەکانی خۆی. لەوەتەی ڕووم کردۆتە ئەمەریکا شتێکی تریشم بۆ ئاشکرا ڕێگا دوورودرێژەش قەناعەتی ئەوەی لا دروست کردم کە پوتن نەوەک هەر دۆستی من نەبوو ، بەڵکو دۆستی ڕووسیاش نەبوو . سەرکردە ڕۆژئاواییەکان وەک من متمانەیان بە پوتن کرد ، بەڵام ئەوان لەوە نەگەیشتن کە بەڵای ئەو پەیوەندی دۆستایەتی واتای لاوازی دەبەخشێ نەوەک دۆستایەتی و مەبەستی سەرەکی پوتن ئەوەیە پیشانی بدات کە خۆی لە هەموو کەسێک سەرکەوتوو تر ، بەڵکو هەوڵی وێرانکردنی هەموو شتێکیش دەدات کە نەتوانێ پێشبڕکێی لەگەڵ بکات .

ڕووسیای ڤۆلۆدیا

لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەمەریکا دەژیم ، تێبینی دەکەم کە میدیاکانی ئەوێ بێدەنگی دەنوێنن کاتێک باس بێتە سەر ئەوەی لە جەماوەر بگەیەنرێ کە ڕووسیا لەژێر دەسەڵاتی پوتندا هەرگیز نابێتە دۆستێکی دیموکراتیخواز ، بەڵکو ڕووسیای ڤۆلۆدیا هەمیشە سەرقاڵی جیاکاریی و وێرانکردنی ئەزموون و بنەما دیموکراسیەکانە و بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئەو پەنا دەباتە بەر دەزگای کرێملینی تایبەت بە خۆی ، بە تایبەتی نیگەرانی دەردەبڕی . ئەو توانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیا و ئاین وەک ئامراز ، ڕووسیا لە ڕەگەوە بگۆڕێ .

کەواتە پێتان دەڵێم

سەبارەت بە خۆم ، ساڵی 1996ساتێکی تەواو جیاواز بوو ، ئەو کاتە سەرۆک یەلتسن دەستی بەسەر کۆمپانیا و بارەگاکانمدا گرت کە زیاتر لە ملیۆنێک دۆلارم بۆ بونیادنانیان تەرخان کردبوو . ڤۆلۆدیا شانی ڕاوەشاند و پێی ڕاگەیاندم کە هیچی لەدەست نایەت و توانای نیە یارمەتیم بدات . دواتر بینیم چۆن ئەو لە بیرۆکراتێکی بچووکەوە دەبێ بە سەرۆکێکی دەسەڵاتدار . کەواتە پێتان دەڵێم ئەو پوتنەی ئەمڕۆ ئەمەریکیەکان لەبارەی دەخوێننەوە لەو کەسە ناچێ کە لە سەرەتا و ئێستادا ناسیومە و دەیناسم .

لەنێوان پوتن و ترامپ دا

ئەو پوتنەی ئێستا دەیناسم لە زۆر ڕووەوە لە سەرۆک ترامپ دەچێ ، ئەویش لە جیاتی بیرکردنەوە و وەستان، بڕیاری خێرا و بە پەلە دەدات . ئەو ئێستا وەک کەسێکی تۆڵەسێنەر دێتە بەرچاو ، ڕقێکی زۆریشی لەوانە دەبێتەوە کە گاڵتەجاڕی پێدەکەن و پێشی وایە خوێندنەوەی ڕۆژنامە سیاسیەکان کارێکی ماندووکەرە. هەروەها وەک ترامپ لە جیاتی دانانی ستراتیژیەتێکی درێژخایەن ، بە پەلە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان ، بەڵام لەڕووی زیرەکییەوە بە تەواوی جیاوازە . بەو پێیەی پێشتر یەکێک بووە لە ئەفسەرانی دەزگای هەواڵگری ڕووسیا ، بۆیە باش دەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ زانیاری هەڵە و درۆ و دەلەسە دەکات لە پێناوی خولقاندنی گێرەشێوێنی لە ڕۆژئاوا و ولاتەکەی خۆشیدا .

ڕاستیەکی تر

دوو مانگ لەمەوبەر ڕووم کردە ئەمەریکا و بە مەبەستی یارمەتیدانی هەموو ئەوانەی کارەکانیان لەدەست داوە یان دووچاری دزی بوونەتەوە ، کۆمپانیایەکم دامەزراند . ئەو وەختە 20 ساڵم لە ماوەدی دادگاییکردنی ڕووسیا گوزەراندبوو و ئەم بڕیارێکی واژۆ کرد و تیایدا لێبوردنی بۆ یەلتسن و خانەوادەکەی دەرکرد لە هەر تۆمەتێک کە ئاراستەیان کرابێ .


ڕووسەکان ئەمە ناکەن

ماوەیەکی دوورودرێژە باس لەوە دەکرێ کە ڤۆلۆدیا سامانێکی گەورەی کۆکردۆتەوە و لە شوێنێکی نادیا حەشاری داوە ، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ، بێگومان ئەو سامانە گەورەیە لای دۆست و برادەران ، تەنانەت لە لای کەسانێکی زۆر دەوڵەمەندەوە هەڵگیراوە .

بۆیە پرسیاری من ئەوەیە : کەی ڤۆلۆدیا دەسەڵات بەجێ دێڵێ ؟ ئاخۆ ئەو دۆست و برادەرانە سامانەکەی بۆ دەگێڕنەوە یان نا ؟

بە شێوەیەک لە شێوەکان دەڵێ : باوەڕ ناکەم ئەوان ئەمە بکەن ، چونکە لە ڕووسیا ژیاوم و هاوبەشیکردن یەکێک نیە لە بنەماکانی ڕووسەکان .

#ڕاوێژکاریکی بواری ئاسایشی ئەڵمانیە و لە ئەمەریکا دەژی .
وەرگێڕانی : ل. کاروباری نێودەوڵەتی .
سەرچاوە : ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز



ئەو پوتنەی پێشتر دەمناسی ڕێگەی بە سەرۆکەکانی دەدا سامانی گەورە کۆ بکەنەوە، دواتر خۆی پارێزگاری لێ دەکردن

مانشێت



سکای نیوز :
سیریل ڕامابۆزا وەک چوارەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی باشووری ئەفریقیا سوێندی یاسایی خوارد .



ڕۆژنامەی ئەڵمانیا:
دوای دەستلەکارکێشانەوەی تیرێزا مای ، ملمانێی نێوان ژمارەیەک کاندید بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە گەرم بووە و پێدەچێ چانسی بۆریس جۆنسنی وەزیری دەرەوەی پێشووی بەریتانیا لەوانی تر زیاتر بێ.



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردووک وڵات ، سەرۆکی ئەمەریکا بە سەردانێک گەیشتە ژاپۆن .



ئەی ئێف پی:
لە لیتوانیا خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەستی پێکرد.



ڕۆیتەرز:
بەرپرسێکی باڵای تایبەت بە بنبڕکردنی سامیەت لە حکومەتی ئەڵمانیا داوای لە جولەکەکانی وڵاتەکەی کرد لە هەموو کات و شوێنێکدا کلاوە بچووکەکەیان لەسەر نەکەن .



کەنالی ئار تی:
لە ناوەڕاستی مەکسیک هیلیکۆپتەرێک کەوتە خوارەوە و 5 کەس گیانیان لەدەست دا .

دیمەنی جیهانێکی نامۆ لە دووریی سەدان ملیۆن کیلۆمەتردا

هەوڵێک بۆ دووبارە بەکاربردنەوەی ئامێری هەڵکەندنی گالیسکەی InSight

پێشتر، گەیشتن بەو ناوچەیە بەدووربوو لە بیرو پێشبینی فەلەکناسان و وەک خەونێک بوو! بەڵام بەم دواییە تازەترین دیمەنی ئەو ناوچەیەو یەکێ لە تەنە ئاسمانییەکانی لەلایەن ئاژانسی (ناسا) بڵاوکرایەوە کە ناسراوە بە هەسارۆکەی (Thule-Ultima).
ئەو هەسارۆکەیە لە نێو ناوچەی گلێبوونەوەی مەزنی هەسارۆکەکانی ناسراو بە (پژێنی کایپەر) ە لە دووریی 6 ملیارو 437 ملیۆن کیلۆمەتر لە زەوییەوەو ئەو گرتە نایابەش بە کامێرای کەشتی ئاسمانیی (New Horizons) لە ئایاری ئەمساڵدا وەرگیراوە.



دوابەدوای نیشتنەوەی گالیسکەی جێگیری (ئینسایت) بە سەرکەوتوویی لەسەر رووی هەسارەی (مەریخ) لە مانگی 12ی ساڵی رابردوو و پاشان لە مانگی 2ی ئەمساڵ دەستی کرد بە ئەنجامدانی هەڵکەندن لەرێگەی ئامێری ناسراو بە HP3 تا ناوەڕاستی مانگی ئازاری ئەمساڵ، کەچی کارکردنی هەڵکەندن وەستا بەهۆی بەرکەوتنی بەشی DLRی لە قولایی 30 سانتیمەتر لە ژێر رووی مەریخ بە چینێک کە نەتوانرا زیاتر بچێتە خوارەوە لە هەڵکەندنەکە .
لە ئێستاکەدا تیمی سەرپەرشتیارانی (ئینسایت) لە هەوڵی ئەوەدان کە بتوانن بۆ جارێکی تر دەست بکەنەوە بە هەڵکەندن تاقولایی 70 سانتیمەترو رایانگەیاند کە رەنگە ئامێری DLRی گالیسکەکە بتوانێت ئەم چینە رەقە ببڕێت ئەویش بە بەرکەوتەیەکی زیاتر و بەهێزتر لەجاران.

چارەسەرییەکی نامۆ بۆ کاریگەریی قەتیسبوونی گەرما



تۆژەرەوانی (زانکۆی هارڤارد) و (برنستون) و (پەیمانگای تێکنۆلۆژیای ماساچۆسیتس) تۆژینەوە لەسەر کەمکردنەوەی وزەی گەیشتووی خۆر بەزەوی دەکەن، ئەویش بە دووبارە شکانەوەی تیشکەکەی بۆ بۆشایی ئاسمانەوە.
بەپێی بڵاوکراوەیەک لە گۆڤاری (سروشت)دا، تۆژەرەوان تۆژینەوە لەسەر ناردنی تەنۆچکەی یەگجار بچووک بۆ بەرگە هەوای زەوی دەکەن بۆ دووبارە شکانەوەی بەشێک لەتیشکی خۆر بۆ بۆشایی ئاسمان و دوور لە زەوی، ئەویش لە پێناو کرمکردنەوەی خێراگەرم بوونی زەوییە کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی کەش و هەوا.
لە هەمان کاتدا تۆژەرەوان دەڵێن لە تۆژینەوەکەیاندا کاریگەری نەرێنی ئەو تاقیکردنەوەی بەهەند وەردەگرن، ئەگەر بێت و لەهەندێک ناوچەی زەوی بکرێت کە لەوانەیە تووشی پشێوی کەش و هەوا بێت.
لەلایەکی دیکەوە، بەشێک لە زانایان ئەم کارە بە مەترسی دەزانن و دەڵێن رێگریکردن لە تیشکی خۆر کاریگەریی زیانبەخش لەسەر ژیانی بوونەوەرکانی سەر زەوی دەنێتەوە، لەوانە رووەک و درەخت و تەنانت گیاندارانی دەریا.
سەرچاوە: VOA

دەستکاریکردنی DNA هێڵی سوورە

تیمێکی شارەزایان بۆ یەکەم جارەو بەمەبەستی دەستنیشانکردنی باشیی و خراپی دەستکاریکردنی DNA مرۆڤ کۆدەبنەوەو دەڵێن "کارێکی نادروستە" لەم کاتەدا ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت.
لە کۆتایی ساڵی رابردووەدا زانایەکی (چین) ی مشتومڕێکی گەورەی نێودەوڵەتی هێنایە ئاراوە، کاتێک رایگەیاند یەکەم منداڵی بەرهەمهێناوە دوای ئەوەی دەستکاری جیناتی کردووەو گوتیشی ئەم گۆڕانکارییەی کردووە لە DNAدا بۆ پاراستنی جمکێک (دوانە) لە ڤایرۆسی HIV ئایدز.
سەرۆکی (رێکخراوی تەندروستی جیهانیی) لە (جنێڤ)، کە کۆمیتەکەی لە 18 شارەزا پێکهاتووە هۆشداریان داوە لەو هەنگاوەو دەڵێن مەترسی گەورەی تێدایە، دەشبێت بەر لە دامەزراندنی سیستەمی داتای بەهێز بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو تێکنۆلۆژیایە هەوڵی کارکردن لەو بوارەدا نەدرێت.
دەستەی زانایان داوای لە (رێکخراوی تەندروستی جیهانی) کرد بەپێی یاسا لیستی تۆژینەوەی گۆڕانکاری لە DNAدا دامەزرێت و دەبێ کارکردنی زانستیی لەو تێکنۆلۆژیایە دەبێت بە روونی و ئاشکرا تۆمار بکرێت.
شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم هەنگاوە نهێنی لەو کارەی زانا چینیەکدا ناهێڵێتەوە و دەستەکە خوازیارە ئەو روونکردنەوە ئاشکراییە بێتە مایەی ئاشکراکردنی دۆکیومێنتەکان کە لەو تۆژینەوە گرنگەدا بەدەست هاتووە.
پۆڵێنکردنی رێنمایەکانی تایبەت بە دەستکاریکردنی DNAی مرۆڤ نزیکەی 18 مانگ دەخایەنێت و ئەرکێکی سەختە، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی وردو فراوان جێبەجێ بکرێت.
سەرچاوە: VOA





بەکارهێنانی جگەرەی ئەلیکترۆنیش سنووردار دەکرێت

بەرپرسانی تەندروستی (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) پلانیان داناوە بۆ بەدوور دانانی جگەرەی ئەلیکترۆنی لەدەستی نەوجەوانان بەهۆی رێوشوێن بۆ نەفرۆشتنی زۆرینەی بەرهەمەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنی لەبازارەکان و ئینتەرنێتدا.
رێنمایە نوێیەکانی کە نوێترین هەوڵی حکومەتە بۆ رێگەگرتن لەو دیاردەیەی ناویان ناوە بە پەتای هەڵمژینی دووکەڵ لەتەمەنی یاساییدا لەمانگی 11ی ساڵی رابردووەدا پێشنیارکران.
جگەرەی ئەلیکترۆنی نیکۆتین و ئەو تامەی تێیکراوە گەرم دەکرێت و دەکرێتە هەڵم و یاسای فیدرالی فرۆشتنی لەخوار تەمەنی 18 ساڵەوە قەدەغەکردوە، بەڵام دوای راپرسی دەڵێت هەر قوتابییەک لە نێوان پێنج قوتابی لە قوتابخانەی دواناوەندیدا جگەرەی ئەلیکترۆنی دەکێشن. بەپێی رێنمایە پێشنیارکراوەکان کە لە (بەرێوبەرایەتی خۆراک و دەرمان لە ئەمریکا) دەرچووە، بەرهەمهێنەرانی جگەرەی ئەلیکترۆنی فرۆشتنی جگەرە بە بازارەکان سنووردار دەکات و چاودێری تونديی لەسەر دەبێت، دەبێت زانیاری لەسەر تەمەنی ئەو کەسەی دەیکرێت ئاشکرابێت، هەروەها دەبێت بۆکپینی لەسەر ئینتەرنێت هەمان لێکۆڵینەوە لەتەمەندا بکرێت.
شارەزایانی تەندروستی دەڵێن، نیکۆتین زیانی بۆ تەندروستی هەیە و رێگری لە گەش وغای میشک دەکات و هەندێک تۆژەرەوە نیگەرانن لەوەی نەوجەوانانی تووشی ئالوودە بوون کردووەو دواتر لەکێشانی جگەرەی ئەلکترۆنییەوە دەیگۆڕن بۆ جگەرەی تووتن.

هیندستان هەنگاوی بەرچاو دەنێت بۆ دۆزینەوەی بۆشاییگەریی

ئەگەرچی لە هەموویان بەرچاوترە، بەڵام بێگومان تەنها ئاژانسی (ناسا) تاقە دەزگای دۆزینەوەی بۆشاییگەریی نییە لەسەر ئاستی جیهانیدا، بەڵکو چەند دەزگایەکی دیکە لە (ئەورووپاو کەنەداو ژاپۆن و روسیاو ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو چین ...هتد) دا هەن کەلەو بوارەدا کاردەکەن و (ئاژانسی بۆشاییگەری هیندی) یش یەکێکە لەو دەزگایانە.
بەپێی راگەیاندراوی سەرۆکی (رێکخراوی تۆژینەوەی بۆشاییگەری هیندی ISRO) لە پلانی سالانی داهاتوو رێکخراوەکەیاندا هاتووە کەوا ئەم پرۆژانە ئەنجام بدەن:
- ئامادەکاریی بۆ هەڵدانی گالیسکەی Chandrayan2 بۆ سەر مانگ لە تەمووزی ئەمساڵدا.
- ساڵی 2020 هەڵدانی وێستگەی Xposatبۆ بۆشایی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە تیشکە گەردوونییەکان.
- ساڵی 2021 هەڵدانی کەشتی Aditya L1 بۆ لێکۆڵینەوە لە خۆر.
- ساڵی 2022 ناردنی کەشتی بۆشایی خولگەیی Mars Orbiter Mission2 بۆ هەسارەی (مەریخ).
- ساڵی 2023ناردنی کەشتی بۆشایی بۆ هەسارەی (زوهرە).
- ساڵی 2028پرۆژەی Exo-wards بۆ لێکۆڵینەوەی بۆشایی لە دەرەوەی سیستەمی کۆمەڵەی خۆر.



www.xebat.net
خەبات دوو شەممە 2019/5/27 ژمارە (5758)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

ئەو مرۆڤە لەخۆبردووەی رۆژانە لە ئەستۆی خۆی منداڵانی‌کەمپی دارەشەکران بەشداری پاڵەوانێتییەکانی ناو هەولێر پێ دەکات

هاوار مورتکەیی

هەر جارەی پاڵەوانێتییەکی شەترەنج لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێت، مرۆڤێکی لەخۆبردوو
دەستی منداڵانی کەمپی دارەشەکران کە ئاوارەی رۆژئاوای کوردستانن، بەرەو شاری هەولێر دەیانبات و بەشداری پاڵەوانێتییەکانی شەترەنجیان پێدەکات، کە بچوکترینیان تەمەنی 8 ساڵانە، ئەو مرۆڤەش عەدنان ئیبراهیم خەلیل کە شەترەنجزان و راهێنەر و دەرچووی زانستی کۆمەڵایەتی زانکۆی دیەشقە، ئەو تیپەی کەمپی دارەشەکرانیش بریتین لە: (ئیبراهیم عەدنان تەمەن 17 ساڵ، سیپان حوسێن تەمەن 11 ساڵ، ئیسلام هارون تەمەن 14 ساڵ، ئەیمەن محەمەد تەمەن 10 ساڵ، مستەفا محەمەد تەمەن 8 ساڵ.

بێگومان ئەو منداڵانە ئەگەر کەسێک دەستیان نەگرێت ناتوانن لەناو کەمپەکە بێنە دەرەوە، مامۆستا عەدنان وەک کەسێکی لەخۆبردوو چاودێریان دەکات و لەنزیکەوە ئاگاداریان دەبێت، لە پاڵەوانێتی ئەمجارەی یانەی خانزادیش کە لەشەوانی رەمەزان بەڕێوەچوو، ئەو منداڵانە لە کەمپی دارەشەکرانەوە شەوانە هاتن بەشداریان کرد، لەمبارەیەوە مامۆستا عەدنان خەلیل دەڵێت: بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ سوپاسی هەموو کارمەندانی یانەی شەترەنجی خانزاد بکەم، هەر لە سەرۆکی یانە و راهێنەر و یاریزانان، کە ئەوانیش زۆر ئاسانکاریمان بۆ دەکەن لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری شەترەنج و فێرکردنیان و هەروەها بەشداری کردنی ئەو تیپەی دارەشەکران، بووگومان گرنگیدان بە زیرەکیی و بونیاتنانی مرۆڤ هیچی کەمتر نییە لە بونیاتنانی نیشتمانێک، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش تیپێکی شەترەنجمان لە منداڵانی کەمپی دارەشەکران پێکهێنا ئەویش بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی روشنبیری شەترەنج و پیگەیاندنی بیری ئەو منداڵانە لەناو ئەو کەمپە، هەروەها بۆ ئەوەی هەست بە نائومیدییەک نەکەن کە لەناو کەمپ دەژین، ئەگەرچی سەرەتا هێنده ئاسان نەبوو لە پیکهێنانی ئەو تیپە چونکە تا تێگەیشتنێک لایان دروست بوو کە شەترەنج هاوکارە بۆ بونیاتنانی مرۆڤ لە تەواوی کایەکانی ژیانیان و کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکات، زۆر هانماندان تا گەیشتنە ئەو بڕوایە و بەردەوام بن لە چالاکییەکان، ئیمەش ئەم کارە خۆبەخشانە و لەسەر خەرجی خۆم ئەنجامی دەدەم، ئەمە بەخزمەتکردنی دەزانم و شانازیشی پێوەدەکەم.



شەمشەمە کۆرەکان کۆتاییان بەبااڵدەستیی بەرشلۆنە هێنا

یانەی ڤالانسیا لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا توانیان بااڵدەستی بەرشلۆنە لەسەر نازناوەکان کۆتایی پێ بهێنن و بە ئەنجامی 2-1گۆڵ لەناو یاریگای بینیتۆن فیامارین لێیان بەنەوە. شەمشەمە کۆرەکان کە لە ساڵی 2007دەوە بەهەگبە بەتاڵییەوە وەرزەکان تیدەپەڕێنن، ئەمجارە بەنازناوی جامی شای ئیسپانیا بۆ جاری 8دم شادبوونەوە، گرنگیی ئەو بردنەوەیە لەوەدابوو کە پێشتر یانەی بەرشلۆنە بۆ چوار وەرز لەسەر یەکتری ئەم جامەیان دەبردەوە، یانەی بەرشلۆنە دوای ماوەیەکی کورت بە لەدەستدانی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کە بە ریمۆنتادای ریدز دووچاری شکستێکی گەورەبوون، بەمەش میدیاکانی ئیسپانیا دوای ئەم دوو دۆرانە نیشانەی پرسیاریان خستە سەر ڤالڤێردی راهێنەر، ئەگەرچی هەواڵەکان لەبەرشلۆنە وابڵاوبوونەتەوە کە هێشتا بڕوایان بەو راهێنەرە هەیە و ئەگەریش زۆرە بۆ وەرزی داهاتووش هەمان ئەرکی پی بسپێرنەوە.



لە یارییەکی ماراسۆنیدا، سیلتیک جامی پورتوگالی بەدەستهێنا

بۆ جاری 17دەهەم لە میژووبدا، یانەی سپۆرتینگ لشبۆنە توانی نازناوی جامی پورتوگال بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە یارییەکی ماراسۆنیدا 5-4گۆڵ لە لێدانی یەکلاکەرەوە لە یانەی پۆرتۆی بردەوە، کاتی یاسایی یارییەکە بە ئەنجامی 1-1گۆڵ تەواو بوو، ئەوەبوو پەنابردرا بەر لێدانی یەکلاکەرەوە، لەمەدا بەخت بە لشبۆنە پیکەنی و دواجار جامەکەیان بەرزکردەوە،



بایرن بووە پاڵەوانی جامی ئەڵمانیا

یانەی بایرن میونشن بۆ جاری 19 لە میژووی خۆیدا توانی نازناوی جامی ئەڵمانیا لە تۆپی بەدەست بهینێت، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی 3-0 گۆڵ لە یانەی لایپزیگی بردەوە.

گۆڵەکانی بایرن لەرێگای هەریەک لە یاریزانان لیڤاندۆفسکی (2گۆڵ)، کینجلسی کومان (1گۆڵ) لە خولەکوکانی 78،29 ، 85 تۆمارکران، بەمەش بایرن دوو نازناوی لەم وەرزەدا بەدەست هێنا دوای ئەوەی پێشتر نازناوی بۆندسلسگای بەدەست هێنابوو، لەم کۆتاییەی جامی ئەڵمانیا دوا بەشداری کردنی هەردوو ئەفسانەی یانەی بایرن میونیشن بەدرێسی باڤاری بوو ئەوانیش فرانک ریبێری و ئاریێن رۆبین.



گاریس بێڵ: ئێمە وەکو رۆبۆتین چیان بوێت پێمان دەکەن

هاوار مورتکەیی

ئیتر ئەو دەرفەتە بۆ گاریس بێل نەماوە کە جارێکی تر تام و چێژی یاری لە قەڵای سانتیاگۆ بێرنابیۆ وەگێڕتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی زێدانی راهێنەر نیشانیدا کە ئیتر شوینی ئەو یاریزانە لە وەرزی داهاتوو لە ریال مەدرید نەماوە، بۆیە گاریس بێل هیوابڕا بوو لەمبارەیەشەوە بێزاری خۆی نیشانداوە.

تۆڕی BT SPORTی بەریتانی ئەو بێ ئومێدیەی گاریس بێل دەگوازێنەوە و رایدەگەیەنێت کە ئەو یاریزانە نیازی وابوو وەرزی داهاتووش یاری بۆ ریال مەدرید بکات، بەاڵم زێدان ڕەتی کردەوە کە یاری پی بکات، لەمبارەیەوە گاریس بێل دەڵێت: هەست دەکەم وەکو مرۆڤیکی ئامێری یاخوود رۆبۆت وام، ئەوە حاڵی ئێمەی یاریزانانی تۆپی پێیە، کە بریتین لە کۆمەڵێک رۆبۆت، بۆیە تۆ لەوکاتە ناتوانیت ئەو ڕێگایە هەڵبژێری کە دەتەوێت، زۆر جار داوات لێدەکەن کارێک ئەنجام بدەیت، هەندی جاری دیکەش تۆ ئەو کارە دەکەیت بێ ئەوەی تێبگەیت کە ئەوان چییان دەوێت، بۆیە ئەمە قوربانیدانێکی پێویستییە لە کاروانی وەرزشی تۆپی پێدا.

هەروەها گاریس بێل زیاتر دەڵێت: ئەو تامو چێژی و بەختەوەرییەی کە هەستی پیدەکەی ئەوکاتانەیە کە بەمندالی یاری پۆپی پێ دەکەیت تادەگەیتە سەر یاریاریگای فریز و دواتر ناوبانگ دەردەکەیت، چونکە لە قۆناغی مندالی هیچ بەرپرسیارێتییەکت لە ئەستۆدا نییە، بۆیە لەو قۆناغەدا تامو چێژ لە یاری دەبینی، کە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی منداڵ دایت و کەس بیر لەبەرژەوەندی خۆی ناکاتەوە بەڵکو هەمووان بۆ بەختەوەری بەخشین بەیەکتر یاری دەکەن، دوارت بە تێپەربوونی کات ئیتر ئەو تامو چێژییە نامینێت.

جێی باسە لە ساڵی 2013گاریس بێل چووە یانەی ریال مەدرید، کە ئەوکات بەنرختترین یاریزان بوو لە ریال مەدرید

کە 101ملیۆن یورۆ گرێبەستەکەی بوو.

واندا میترۆپۆلیتانۆ لیقەرپوول لەگەڵ تۆتینهام



واندا میترۆپۆلیتانۆ.. ناوی ئەو یاریگایەیە کە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای لە 1ی حوزەیرانی داهاتوو لەنێوان هەردوو یانە ئینگلیزییە (تۆتینهام و لیقەرپوول) لە ئامێز دەگرێت، رکابەرییەکە ئینگلیزیە بەاڵم بە بە تاموچێژی ئەوروپی. واندا میترۆپۆلیتانۆ یاریگای تایبەت بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدە، کە لەبڕی یاریگای ڤیسینتی کالدیرۆنی ستادیۆمە میژوویەکەی رۆخی بلانکۆس بونیات نرا، لە 16سپتیمبەری 2017بە ئامادەبوونی فیلیپی شەشەم پاشای ئیسپانیا کرایەوە، ئەم ستادیۆمە لە کۆمەڵگایەکی گەورەی وەرزشی پیکهاتووە، لەماوەی دوو ساڵدا بە تێچووی 300ملیۆن یورۆ دروستکرا و ئێستاش بەیەکیک لە دیارترین یاریگاکان لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان دەژمێردرێت، ناوی واندا میترۆپۆلیتانۆ ناوی ئەو یاریگایە بووە کە کاتی خۆی بەرلەوەی ناوی یاریگای ئەتلەتیکۆ مەدرید بکرێتە ناوی ڤیسنتی کالدیرۆن، یاریگاکە دەکەوێتە ناوچەی باکوری رۆژهەاڵتی مەدریدی پایتەخت، و جێگای 68 هەزار هاندەر دەبێتەوە، کە 96%ی شوینی هاندەران سەرداپۆشراوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 27. Apr. 2019 No: (5758)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی
هەمرو دووشەمەیەک دەینووسێت

دیسان(حەلیمە) گەڕایەوە سەر عادەتی(قەدیمە) ، وا بە نوێژی نیوەڕۆ و پاش 16ساڵ لە نەمانی بەعس، شاڵاوی تەعریب دەستیپێکردەوە، بە پاڵپشتی سەرباز و تانکی هێزە عیراقییەکان، عەرەبی ناوەڕاست و باشوور دێنە گوندی پەلکان و دەیانەوێت داگیری بکەن، وا زانیمان" دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام دا" واتە" داعش" چ دوژمنێکە و دوای ئەو هەموو کارەساتە ، ئێستا لە گوندەکانی بناری قەرەچووغ و مەخمور، داوای سەرانە لە جوتیارانی کورد دەکەن، بەڵام ئەو عەرەبانە بۆ، کابرایەکی خەڵکی جبایش و ڕەمادی، چ مافێکی بەسەر جوتیاری کوردەوە هەیە، بە چ هەقێک داوای سەرانە دەکات. ئەوان زۆر سوودیان لە ناڕێکی و ناتەبایی مالّی کورد وەرگرتووە، بەتایبەتی دوای کارەساتی ئۆکتۆبەری پێرار بۆیە وا بەخۆکەوتوون و کار وا بڕوات خراپتریش دەکەن، پێش ئۆکتۆبەر، عەرەبی هاورده چ حەدی هەبوو لە تخووبی کوردان نزیک ببنەوە.

ئەو هێز و لایەنانەی عیراقن کە پاڵپشتی عەرەبی هاورده دەکەن، هەمان عەقڵیەتی عەلی کیمیایی و عەبدولحەسەن فیرعەون و حەمزە زوبێدی و سەمیر شێخلییان هەیە، ئەمڕۆ دێنە پەلکانە، سبەینێکەش دەچنە ڕۆخانە، خزمینە، نووستن لە گوێی گادا موسیبەتێکی گەورەیە.

بەهۆی کوردبوونی دەستگیرکرابوو

تاقانەکەی هونەرمەند جانێ ئازادکرا

خەبات/ ساسان دەروێش



ڕۆژنامەنووس ئارمانج لەگەڵ دیلان

کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان جانێ لە 2018/6/27 بەسەردانێک چووە تورکیاو لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتە دەستگیرکراو لە دوای دادگاییکردنیشی لە 2018/11/15 بەبڕیاری دادگا 6 ساڵ و3 مانگ زیندانی کرا، هونەرمەندی ناوبراو خاوەنی تاقە کچێکە بەناوی دیلان کە لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا بەیەکەوە دەژیان، دیلان خان خاوەنی بڕوانامەی سۆسیۆلۆگە لە ئەڵمانیا و لەبواری کۆمەڵایەتی یارمەتی مالبات و خێزانەکان دەدات، ڕۆژی هەینی رابردوو بە نیازبوو سەردانی دایکی بکات لە زیندان و بەفڕۆکە لە ئەڵمانیاوە چوو بۆ تورکیا، کەچی لەوێ دەستگیریان کرد و دوای ڕۆژێک زیندانیکردن ئازادکرا.

لەوبارەیەوە چالاکوان ئارمانج نێروەیی نزیک لە خاتوو دیلان و ڕۆژنامەنووس و ئەندام لە پارتی یەکگرتووی کریستیانەکانی ئەڵمانیا، دەربارەی دەستگیرکردنی خاتوو دیلان کچی هونەرمەند جانێ بەخەباتی ڕاگەیاند: دیلان ئورس کچە تاقانەی هونەرمەند جانێ بۆ ئەوەی سەردانی دایکی بکات لە زیندانەکەی لە تورکیا، لە شاری کۆڵن بەڕێگای فڕۆکە سەردانی تورکیای کرد و پێش ئەوەی کەسوکاری ببینێ کە لە پێشوازیدا بوون لە ڕۆژی هەینی بەگەیشتنی بۆ فڕۆکەخانەی ئیستانبوڵ لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکرا.

ئارمانج گوتیشی: بیانووی دەستگیرکردنەکەشی ئەوەبوو گوایە "خاتوو دیلان" بەشداری خۆپیشاندانەکانی نێو تورکیای کردووە دژی حکوومەت، ئەمە لە کاتێکدا کە دیلان هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانیایە و ئەوکاتەی ئەوان نەم بیانووەیان بۆ هێناوەتەوە ئەو هەر لە تورکیاش نەبووە. بۆیە بەناچاری ڕۆژی شەمە ئازاد کراوە ، ئێستاش لە ئیستانبوڵەو بۆی نییە گەشتی دەرەوەی تورکیا بکات، کەواتە ناتوانێت بگەڕێتەوە ئەڵمانیا، کە جێگەی نیشتەجێبوونی هەمیشەییەتی و کاری لەوێ هەیە. ئارمانج ڕاشیگەیاند: پێشتریش بە هاوبەشی لەگەڵ دیلان خان دۆسیەی دایکیمان بردە ئۆفیسی ئەنگیلا میرکل و ئەوانیش وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیایان لە کۆمیسیۆنی بەڕێنگاربوونەوەی مافەکانی هاووڵاتیان و پاراستنیان لێ ئاگادار کردۆتەوە. لە دوای دەستبەسەرکردنی خاتوو دیلان و ئاگادارکردنەوەی من لەڕێگەی کەسوکارەکەی خاتوو دیلان، هاوکات پەیوەندیم کرد بەهەمان کۆمیسیۆنی پەرلەمان و سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا بۆ پشتگیریکردنی خاتوو دیلان و هەوڵدان بۆ ئازادکردنی. لەلایەکی دیکەشەوە هەر بۆ پشتگیریکردن و ئازادکردنی خاتوو دیلان کۆمەڵەی جڤاکی کوردی لە ئەڵمانیا پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووەو بە هیوایە بەزووترین کات خاتوو دیلان بگەڕێتەوە مالی خۆی لە ئەڵمانیا.



دکتۆرە ئاریانا ئیبراهیم

ڕۆڵی ڕۆژنامەی خەبات لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیدا

خەبات: حەمە ئەحمەد جاف

کاتژمێر (٤) ی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەمە ئەکادیمیای کوردی سیمیناریکی ڕۆژنامەوانی بەناونیشانی (ڕۆڵی ڕۆژنامەی خەبات، لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیدا) بۆ دکتۆرە ئاریانا ئیبراهیم مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەددین سازدەکات...



وەرزی شووتی.. هیچ ئێوارەیەک بێ خواردنی شووتی مەخەون!



میوزیکژەن ڕزگار حەمەڕەوف (من و تۆ) بڵاودەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی میوزیکژەن ڕزگار حەمە ڕەوف لەپەڕی تایبەتی خۆی نووسیویەتی: من و تۆ ـ بەم زووانە بڵاودەکەمەوە ـ ئەم بەرهەمە لەلایەن شوان ئەکرەم ـ کاری ئەرەنج و تۆمارکردنی بۆ کراوەو کاردین عەزیز بە کامێراو مۆنتاژ کاری تێدا کردووە ـ (من و تۆ) یەکێکە لە تراکەکانی نێو ئەلبومەکەم کە بەداخەوە بەبێ سپۆنسەر مایەوە ـ بەسوپاسەوە کاردین ئەرکی ئەم کلیپەی گرتە ئەستۆی خۆی ـ ئەم بەرهەمە بەستایلێکی جیاوازتر لە بەرهەمەکانی تر کارمان تێدا کردووە.

کاریگەریی خواردنی سەوزەوات بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی شەکرە و قەڵەوی

ئەنجامی توێژینەوە نوێیەکان پیشانی داوە کە ماددەیەک بە ناوی " نیترات " کە لە نێو سەوزەواتی گەلاپانی وەک ئیسپیناخ ، خاس و کەرەفس بوونی هەیە ، دەتوانێت پارێزگاری لە دڵ بکات و مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی و نەخۆشی شەکرە کەم بکاتەوە . توێژەرانی زانکۆی کەمبریج لەو بارەیەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە خواردنی سەوزەواتی دەوڵەمەند بە " نیترات" دەتوانێت ڕێگە لە بەرهەمهێنانی هۆرمونی " ئەریترۆپۆیتین " بگرێت کەلە نێو جەرگ و وگورچیلەکان بلاو دەبێتەوە .ئەو جۆرە هۆرمونە ژمارەی خرۆکە سوورەکان لە نێو جەستەدا ڕێک دەخات .بەتایبەت کاتێ جەستە تووشی نەخۆشی ماسوڵکەکانی دڵ ببێتەوە ، تووشی کەمبوونی ئۆکسیژن دەبێتەوە ، ئەوا " ئەریترۆپۆیتین " لە ڕێگەی بەرهەمێنانی خرۆکە سوورەکان ، ئەو کەمبوونەی ئۆکسین قەرەبوو دەکاتەوە . بۆیە، خواردنی سەوزەواتی گەلا پان و دەوڵەمەند بە "نیترات"،دەتوانێت ڕێگری لە خەستبوونی خوێن ونەخۆشییەکانی دڵ بگرێت.بە ووتەی توێژەران، " نیترات"، دەتوانێت چەوربیە زیانبەخشەکان بۆ چەوربیە سوودبەخشەکان بگۆڕێت و ڕێگە لە تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە و قەڵەویی بگرێت ، لەو پرۆسەیەدا، خانەکانی چەوری سپی، دەگۆڕێن بۆ خانەکانی چەوری باش.



ئیدی کلیلەکانت بزر نابێت

ئەپڵ فایند؟ ئامانجی نوێی ئەپڵ ئەوەیە شوێنی کلیلەکانت بۆ دیاری بکات. خزمەتگوزاری # tileیارمەتیت دەدات بزانیت کلیلەکانت لە کوێ داناوە.

ئەندازیار کێوان حسن